هاوكاری

التضامن

ڕۆژنامەیەكی هەفتانەی گشتییە

له دار الجماهیر دەرئەچێ و له دار الحریه چاپ ئەكرێ

نرخی (٢٠) فلسه — تەلەفۆن ٢٠٣٦٥

ژمارە (١٩٠) ٢٦-١٠-١٩٧٣

كوبونەوەی سەركردایەتی نەتەوەیی و قطری و ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش

هەروەها پاش نیوەڕۆی چوارشەممەی ڕابوردوو سەركردایەتی نەتەوەیی و قطری و ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش و سەركردایەتی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشكەوتن خواز بەجیا كۆبونەوە بۆ لێكولینەوەی بارو زروفی ناوچەكە دوای ئەوەی بەرەسمی میسرو سوریا بەبڕیاری وەستاندنی شەڕ ڕازیبوون بڕیاریش وایە كەلەكاتێكی ترا چەند بڕیارێك بلاوبكرێتەوە .

ئا.د.ع

سەرەك كۆمار سەرپەرشتی كوبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی كرد

سەرەك كۆمار كاك احمدحسن بكر نیوەڕۆی ٢٤-١٠ لەكۆشكی جمهوری سەرپەرشتی كۆبونەوەیەكی ئەنجومەنی وەزیرانی كرد . وە كوبونەوەكەش نزیكەی دوو سەعاتی خایاند .

ئا.د.ع

كرێكارانی بەندەرێكی ئیتالیا پاپۆڕێكی ئەمەریكا بارناكەن

پەنتاگۆن بێوچان چەك بۆ ئیسرائیل ئەنێرێ

تادێت نارەزایی دژی جەنگ ڕاگرتن بەهێزتر ئەبێت

بڕیارەكەی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان سەبارەت بە وەستاندنی تەقە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە هۆی تورەیی و بێزاری ڕای گشتی دنیا و عەرەب و كۆڕو كومەڵە پێشكەوتنخوازەكان . وەلەشاری بیروت بەهەزاران كەس خۆپێشاندانێكی فراوانیان ڕێكخست و خۆپێشاندەران بەتوندی بێزاری خۆیان دەربڕی دژی ڕاگرتنی تەقە .

لەلایەكی تریشەوە كاك كمال جنبلاط ئەمینداری گشتی بەرەی عەرەب كە لە شورشی فەلەستیندا بەشداره داوای كرد كە شەڕ نەوەستێنرێ ووتی : وابو بە چارەكە سەدە یەك و بۆ هەموولایەك روون بۆتەوە كە سەهیونی دوژمن گوێ ناداتە هیچ بڕیارێكی ئەنجومەنی ئاسایش و ، وەستاندنی تەقە لەم زروفەدا خزمەتی بەرژەوەندی دوژمن ئەكات .

وە لە كوێت ڕوژنامەی « السیاسه » نوسیویەتی ئەڵێ : تاكە ڕێگای ڕەوای ڕزگاركردنی خاكی زەوتكراو درێژەدانە بەشەڕ . وە ڕۆژنامەی (البیرق) كەلە بیروت دەرئەچێ ئەڵێ : وەستاندنی تەقە ئەو ئاواتەی دوژمن ئەهێنێتە دی كە لەساڵی (١٩٦٧)ەوە خەونی پێوە ئەبینی .

بۆچی سێ ڕۆژ فرۆكەخانەی تاران داخرا ؟!

ڕۆژنامەی - طریق الشعب - ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندی پارتی كۆمونیستی عیراق لە ڕۆژنامەی - الطلیعه -ی كوێتی یەوە زانیویەتی كە لەڕۆژی ٢١-١٠ تاوەكو سێ ڕۆژ فروكەخانەكەی تاران هەموو جوره هاموشۆیەكی تیادا قەدەغەكراوە بۆ ئەوەی ئەو چەكو تفاق و تانگ و زرێپوشەی پیادا بگوێزرێتەوە كە ئەمەریكا بۆ ئیسرائیلی ناردووە . وە ڕوژنامەكە وتویە : ئەو چەكو تفاقە فروكەی ئەمەریكایی هیركیاس و جالاكس نیشانی تیادا بووە .

گران بونی نەوت لە فەرەنسا

پاریس : رویتەر : چەند سەرچاوەیەكی حكومەتی فەرەنسا بلاویان كردەوە كە ڕۆژی ٢٤-١٠ هەر لیترە نەوتێك بەهۆی شەڕەكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نزیكەی ١٠ سەنت گران بووە .

سەرەك وەزیرانی توركیا دەستی لەكار كێشایەوە

ئەنقەرە : ٢٣-١٠ ئ.د.ف : دوای هەڵبژاردنە گشتی یەكەی ١٤ی ئەم مانگە نعیم تاڵۆی سەرەك وەزیران دەستی لەكار كێشایەوە . لەلایەكی تریشەوە فخری كوروتورك ی سەركۆمار داوای لەتاڵۆ كردوە كە هەر بەسەرەك وەزیران بمێنێتەوە تاوەكو وەزارەتێكی تازە پێك ئەهێنرێ .

● سەرەك كۆمار كاك احمد حسن بكر هەفتەی ڕابوردوو دیدەنی كولیجی پزیشكی یان كردو لەوێ لەلایەن بەرێوەبەری كولیجەكەو ماموستاو قوتابی یانەوە بەگەرمی پێشوازی كران . ئنجا سەر كۆمار بە بەشەكانی كولیجەكەدا گەڕا ، وە دوای دیدەنی یەكی سێ چارەكە سەعاتی بەگەرمی یەوە لەلایەن لیژنەی دەرس وتنەوەی كۆلیجەكەوە بەڕێ كران .

تیژكردنی ناكۆكی نێوان گەلان و ئیمپریالیزم ئەركی سەرەكی نیشتمان پەروەران و پێشكەوتن خوازانە

ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش بەبڕیاری رزگاركردنی بەشە نەوتی هۆڵەندە لە كۆمپانیای نەوتی بەسرەداو كردنی بەموڵكی دەوڵەت ئەو راستی یەی خستەروو كە حكومەتی نیشتمان پەروەری عیراق درێژە بەتیژكردنی ناكۆكی نێوان گەلی عیراق لەلایەك و ئیمپریالیزم و زایونیزم لەلایەكی ترەوە ئەدات ، ئەو تیژكردنەی كە پەلە بەرزگاركردنی گەلانی عەرەب بەتایبەتی و هەموو گەلانی دنیای سێیەم بەگشتی ئەدات لە دەسەڵات و نفوزی ئیمپریالیزمی دنیا بەسەرۆكایەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریكا .

ئاشكرایە كە لەدنیادا دوو هێل كەوتۆتە ناوانەوە هێلی تیژكردنی خەباتی شۆرشگێری دژی ئیمپریالیزم و هاوكارەكانی و هێلی لەسەرخۆ رۆیشتن و بەئاشتی كەوتنەڕێ بەرەو ئامانجەكانی گەلان . بەلام تاقی كردنەوەی گەلانی دنیای سێیەم لە گەلێك گۆشەی دنیادا وە لەم دواییەدا لەشیلی زامارو ویران كراودا گومانی لەوەدا نەهێشت كە ڕێبازی یەكەم تاقە ڕێگای ڕاست و ڕەوانی گەلانی دنیای سێیەمە بۆ رزگاربوونی تەواو لەئیمپریالیزم و كۆنەپەرستان .

حكومەتی نیشتمان پەروەری عیراق بەرزگاركردنی بەشە نەوتی هۆڵەندە لەكۆمپانیای نەوتی بەسرەدا پایەیەكی تری قایمی خستە ژێر باڵەخانەی ئابوری سەربەخۆی گەلەكەمانەوەو سەربەخۆیی سیاسی لەجاران قایمتر كرد جگە لەوەی كە بەشداربوونێكی تازەیە چووە پاڵ بەشداربوونە سیاسی و سەربازی و ئابوری یەكانی ترەوە لەجەنگی ڕەوای گەلانی عەرەب بەگشتی و گەلی فەلەستین بەتایبەتی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم .

بێگومان ئەم هەنگاوە دلیرانەیەی حكومەتی نیشتمان پەروەر لەلایەن هەموو نیشتمان پەروەرو پێشكەوتنخوازێكی كورد عەرەب و رۆڵەی كەمایەتی یەكانی عیراق و هەموو گەلانی شۆرشگێرەوە بەخۆشی و ڕێزلێگرتنەوە پێشوازی ئەكرێت . بەلام سەركەوتنی ئەم هەنگاوەو پاراستنی و هەروەها هەموو بڕیارو هەنگاوە نیشتمانی و پێشكەوتنخوازەكانی تری گەلەكەمانی ، گەلی عیراق بەكوردو عەرەب و كەمایەتی یەكانی یەوە بەندن بەیەكێتی هێزە نیشتمان پەروەرو پێشكەوتنخوازەكانی ولاتەوەو تێكوشانێكی شۆرشگێرانەی بێوچان لەپێناوی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری ولاتدا . هەروەها بەندن بەئامادەكردن و هوشیار كردنەوەو بەگەڕخستنی جەماوەری كرێكارو جوتیارو كاسبكارو هەموو چین و بەشە جۆربەجۆرە نیشتمان پەروەرەكانی ولاتەوە .

پێویستە هەموو لایەك بەحكومەتی نیشتمان پەروەرەوە ئەو زەمینەیە خۆش بكەن كە بەگورجی چارەسەری ناكۆكی یە بچوكەكانی ناوخۆ بكەین و ئەگەر بەو گورجی یەش نەكرا هەلیگرین بۆ ئەوكاتەی كە گەلانی عەرەب ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لەمەیانی جەنگدا ئەبەزێنن و بەئامانجە ڕەواكانی خۆیان ئەگەن و فیزو لەخۆبایی بونی ئەم دوو جانەوەرە ئەشكێنن .

بەكورتی هێلی سیاسی هەموو پارتی و دەستەو پێشكەوتنخوازێكی دلسۆز لەو ڕێبازە راستەوە بەرەوپێش ئەروات كە ناكۆكی نێوان گەلان و ئیمپریالیزم توندوتیژ ئەكات و گیانی شۆرشگێری جەماوەری خەلك بەهێزتر ئەكات و خەباتی چەكدار دژی ئیمپریالیزم و هاوكارەكانی ئەكات بەراستە ڕێگای تێكوشان و بەرەو ئامانج گەیشتن .

ئیتر بەم بۆنەیەوە پێویستە لەسەر هەموو لایەك و هەر لایە بەپێی توانای خۆی دلسۆزانەو بەوپەڕی بڕواوە بەشداری ئەم خەباتە چەكدارە شۆرشگێری یەی گەلانی عەرەب بێت دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم وە دلنیاین سەركەوتنی گەلانی عەرەب بەتەواوەتی نەخشەی سیاسی ناوچەكە بەرەو باشی ئەگۆڕێت و لەئامانجە نەتەوەیی و چینایەتی یەكانمان نزیك ئەخاتەوە ، هەروەها دلنیاین جەماوەری گەلی كورد كەهەر لەسەرەتاوە بە بیروباوەری پێشكەوتنخوازو هاوكاری نێوگەلان (ئینتەرناسیونالیزم) گۆش و پەروەردە كراوە ، بەوپەڕی تواناوە بەشداری ئەم جەنگە پیرۆزە ئەبێت كە جگە لەوەی ئەركی هاوخەباتی خۆی بەدی ئەهێنێت ، سەرسەختترین دوژمنی خۆشی لەناو ئەبات كە ئیمپریالیزم و كۆنەپەرستانە .

سوریا بڕیاری داشەڕ بوەستێنێ!

شام : ٢٤-١٠ ئاژانسەكان : سوریا بەبڕیارەكەی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان قایل بوو ، وەبڕیاریدا لەلای خۆیەوە هەموو جۆرە تەقەیەك بوەستێنێ . لەلایەكی تریشەوە رادیوی شام وتی :

« دوای سەرنجدان و لێكۆلینەوەی ئەو بڕیارەو ئەو زروفەی تیایدا دەركرا ، بڕیارماندا پەسندی بكەین بەمەرجێ هێزەكانی ئیسرائیل بەتەواوەتی لەو خاكەی عەرەب بكشێنەوە كە لەشەڕی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا زەوتیان كرد ، لەگەل دەستەبەركردنی مافی گەلی فەلەستین » .

هەروەها كاك عبدالحلیم خدام وەزیری دەرەوەی سوریا بروسكەیەكی بۆ دكتۆر كورت فالدهایمی سكرتیری گشتی نەتەوەیەكگرتوەكان نارد تیایدا ئاگاداری كرد كە سوریا بڕیاری ژمارە - ٣٣٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتانی پەسندكردو شەڕی وەستاند .

لەلایەكی تریشەوە چاودێری كارە عەسكەری یەكانی سەر بە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لەسەعات دەی ٢٤-١٠ بەرەو بەرەی كەناڵی سویس كەوتنەڕێ بۆ سەرپەرشتی كردنی وەستاندنی تەقە . بڕیاریش وایە كە بەمزووانە تاقمێكی تری ئەم چاودێری كارانە بەرەو ناوچەی گۆلان بۆهەمان مەبەست بكەونە ڕێ .

ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان بڕیاریدا شەڕ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوەستێنرێ

نیۆیورك : تاس : ئا.د.ع : ڕۆژی ٢٢-١٠ ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان لەكۆبونەوەیەكی تایبەتی دا بڕیارێكی دەكرد تیایدا داوای كرد كە كۆتایی بەشەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنرێ . پروژەكەی ئەم بڕیارەش لەلایەن یەكێتی سۆڤییەت و ئەمەریكاوە پێشكەش كرابوو بریتی یە لە :-

یەكەم : ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان داوا لەو لایەنانە ئەكات كەلەشەڕا بەشدارن لەماوەی ١٢ سەعاتدا تەقەو شەڕ ڕابگرن ، وەهێزەكانیان لەو شوێنانەی ئیستایاندا بمێننەوە .

دووەم :- ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان داوا لە لایەنە خاوەن پەیوەندی یەكان ئەكات كە دەستوبرد دوای وەستاندنی تەقە بەكردەوە دەست بكەن بە جێبەجێكردنی هەموو بەندەكانی بڕیاری ژمارە- ٢٤٢ی ساڵی ١٩٦٧ی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان .

سێیەم : دەستوبرد ئەنجومەنی ئاسایش وە لەگەل وەستاندنی تەقەدا بڕیاری وتوویژكردن ئەدات لەنێوان لایەنە خاوەن پەیوەندی یەكاندا وە بەمەبەستی ئەوەی ئاشتی یەكی ڕەواو چەسپاو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگیر ببێ .

حكومەتێكی وەختی لە خواروی سودان

خرطوم : ٢٣-١٠ سونا : جعفر نیمیری سەرۆكی سودان فرمانی داكە حكومەتێكی وەختی بەسەرۆكایەتی ئەبیل ئەلبیر ، كەئیستا جێگری سەركوماره ، لەخوارووی سودان پێك بهێنرێ . حكومەتە وەختی یەكەش لە ١١ وەزیر پێك ئەهێنرێ .

ئاژانسەكە ئەڵێ :- ئەو حكومەتە لەئیمرۆوە ئەرك و فرمانی دەسەلاتی یاسادانان (تشریعی) و هەلسوڕاندنی كاروبار (تنفیذی) بەشێوەیەكی وەختی رائەپەڕێنێ . وەكو ئەزانین چەند ساڵێك لەمەوبەر شورش لەخوارووی سودان بەرپابوو ، وە شورشگێران داوای ئۆتونومی یان ئەكرد .

بۆمیدیەن داوای لە ١٣ دەوڵەتی ئەفەریقا كردووە پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەل ئیسرائیلدا بپچڕێنن

جەزایر : ئاژانسەكان : هەفتەی رابوردوو سەرۆك هواری بومیدیەن بەو شێوەیەی سەرۆكی ئەمجارەی كونفرانسی دەوڵەتانی بێلایەن بوو داوای لە ١٣ دەوڵەتی ئەفەریقایی كرد كە چاو لەو ٢٢ دوڵەتە ئەفەریقایە بكەن كەپەیوەندی دیبلوماسی یان لەگەل ئیسرائیلدا پچڕاند . وە ١٣ دەوڵەتەكەش ئەمانەن :- ساحلی عاج ، سەنگال ، گانا ، گامبیا ، لیبیریا ، زامیا ، كینیا ، بوتسوانا ، سوزیلاند ، لیسوتو دوورگەی موریشیوس ، ماوكی ، حەبەشە .

كرێكارانی بەندەرێكی ئیتالیا پاپۆڕێكی ئەمەریكا بارناكەن !

پەكین ١٩ - ١٠ شینخوا : بەپێی ئەو هەوالانەی لە شاری ڕۆماوە گەیشتون كرێكارانی بەندەری - لیگۆرن -ی ئیتالیا بڕیاریان داوە كە پاپۆڕی - كومێت -ی ئەمەریكایی بار نەكەن ئەگەر بێتو دلنیا نەكرین لەوەی كە ئەو چەكو تفاقە بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست نانیررێت . وەكو زانراویشە كرێكاران دوای كوبونەوەیەكی فراوان ئەو بڕیارەیان داوە .

پەنتاگۆن چەكو تفاق بۆ ئیسرائیل ئەنێرێ

واشنتۆن : ئاژانسەكان : شەوی ٢٤-١٠ یەكێك بەناوی وەزارەتی بەرگری ئەمەریكاوە- پەنتاگۆن - بلاوی كردەوە كە بێوچان چەكو تفاقی شەڕ بۆ ئیسرائیل ئەنیردرێت . وەوتی ڕۆژی بەلای كەمەوە ٧٠٠ تا ٨٠٠ تەن چەكو تفاقی هەمەچەشنە بەئیسرائیل ئەگات .

سادات داوا ئەكات هێزێكی سۆڤێتی و ئەمەریكایی بۆ كەناڵی سوێس بنێردرێن

قاهیرە : ئا.ر.ن : كاك انور سادات سەرۆكی میسر دوو بروسكەی بۆ لیۆنید بریجنێف سكرتیری گشتی پارتی كومونیستی سۆڤێتی و ریچارد نیكسون سەرۆكی ئەمەریكا نارد تیایدا داوای لێكردن كە هێزێكی سۆڤێتی و ئەمەریكایی بنێرن بۆ ئەوەی لەناوچەی كەناڵی سویس هاوكاری بكەن لە جێبەجێ كردنی بڕیارەكەی ٢٢ی ئەم مانگەی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان و وەستاندنی تەقە لە جەبهەی شەڕ .

Institut kurde de paris

هەفتەی سباسێك

هەموو جەنگ وەستانێك قازانجی عەرەبی تیانیە

واجەنگ لە هەفتەی سێ یەمیدایەو هیزەکانی عەرەب بەهەمان باوەڕی قایمی یەکەم رۆژو بگرە زیاتریشەوە جوامێرانە ئەجەنگێن‌و سەرکەوتن بەدەست دێنن ، ئیسرائیلی دوژمن لەبەردەوام بوونی جەنگ سەرسام‌و شپرزەیە ، چونکە هیچ حسابێکی بۆ ئەم تواناو وزەیەی عەرەب نەکردبو ، بەپیچەوانەوە هەموو خۆ ئامادەکردنەکانی بۆ جەنگێکی کوتوپڕی وەکو ئەوەی ساڵی ١٩٦٧ بو ، بەڵام بۆی دەرکەوت کە لەو حسابەیدا تەواو بەهەڵەدا چوەو ئەوەتا ئێستا رووبەرووی جەنگیکی دریژی سەخت بوەتەوەو باوەڕی هیزو گەلانی عەرەبیش هەر لەپتەوی‌و بەرزبونەوەدایە ، نیشانەی راستیی ئەمەش لەو هەموو چەك‌و تفاقە جەنگیەدایە کە بەپەلە ئیمپریالیستە ئەمەریکاییەکان ئەی گەیەننە دوژمن‌و بۆ ئەم مەبەستە پردێکی ئاسمانی‌و دەریاییان لەنێوان خۆیان‌و ئیسرائیلدا سازکردوەو بەردەوام چەك‌و تفاق ئەگویزنەوە .

بەڵام ئەو راستیەی کە هەموو شارەزایانی جەنگ لەسەری رێکەوتون ئەوەیە کە دریژەپێدانی ئەم جەنگە بۆ هێزەکانی عەرەب باشەو ئیسرائیل شپرزە ئەکات . چونکە ئیسرائیل وزەیەکی کەمی هەیە ، ژمارەی سەربازو تەنانەت هەموو دانیشتوانی - ئەوانەی بتوانن چەك هەلگرن - ئەوەندە نین لەهیچ حالەتیکدا بتوانن لەگەڵ هێزی گەورەو ئەتوانین بڵێین بێ سنووری گەلانی عەرەبدا خۆیان بۆ ڕاگیرێت ، ئەوەتا ئێستا زۆربەی قوڵە ئابوریەکان لەناو ئیسرائیلدا لەکارکەوتون لەبەر ئەوەی کارکەرەکانیان خراونەتە ژێر چەکەوە ، رۆژنامە رۆژئاواییەکان باس ئەکەن چۆن بەهوی جەنگەوە کارگەو بازارو کێلگەکان نیمچە چۆلیك بوون ئەمە جگە لە وزەی ئابووری ئیسرائیل کەلەسنوریکی تایبەتی دا . جا رەنگە هەندێك بڵێت با ژمارەی دانیشتوان‌و لەشکری ئیسرائیل ئەوەندە نەبێت بەڵام لەوڵاتانی ترەوە خەلکی دێن‌و شەڕی بۆ ئەکەن‌و ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیشی یارمەتی عەسکەری‌و ئابوری ئەدەن ، جارێ ئەم کارە ئەگەر بشکرێت ، هەر نگاتە تواناو وزەی عەرەب ئەگەر بێت‌و ئەمان زانایانە بەکاری بهێنن ، وە ئەگەر هاتو ئەو یارمەتیانەی دەرەوەش بۆ ئیسرائیل ئەوەندە لەهێزی عەرەب زۆرتربوو ، با کەس گومانی لەوەدا نەبێت کە گەلانی عەرەبیش لەگەلان‌و دەوڵەتانی تری دنیاوە ئەوەندە یارمەتی ئەدرێن کە نەسەری هەبێت‌و نە حیساب ، جگە لە یارمەتیەکانی یەکێتی سۆڤیێت ، دەیان دەوڵەت زۆربەی گەلانی دنیا ئامادەیی تەواوی خۆیان بۆ هەموو جۆرە یارمەتیەك پیشان داوە ، وەکو چین‌و کوریای دیموکرات‌و ڤیتنام‌و دەوڵەتە موسوڵمانەکان‌و گەلانی ئەفەریقا کەواتە عەرەب جگە لە تواناو وزەی بێشومێری خۆی پالپشتێکی ئەوتۆو پتەوو بەهیزی هەیە کە هی ئیسرائیل لەگەڵیا بەراورد ناکرێت .

ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە خۆئەوە تەواو ئاشکرایە کە عەرەب جەنگێکی عادیلانە ئەکات‌و بۆ رزگارکردنی خاکیکە هەندێکی شەش ساڵە زەوت کراوەو هەندێکی تریشی ٢٧ ساڵە داگیرکراوەو گەلی فەلەستین بەنوکە نێزەی زایونیستەکان‌و بەزۆرو فروفێل لێی دەربەدەرکراوە .

لەم بارەدا کەتواناش هەیەو حەقیش هەیەو جەنگیش سەرکەو توانەش دەس پێکراوە ، ئیتر ئەبێ بۆ بوەستێنرێت ؟ وەستاندنی ئەم جەنگە چ خزمەتێکی مەسەلەی عەرەب ئەکات ؟

بێگومان ئەم جەنگە ناوەستێنرێت تاکو جۆرە جەنگێکی سەرکەو توانەتر دەستپێبکرێت ، بەلکو ئەم جەنگە بۆئەوە ئەوەستینرێت کە ئیسرائیل لەتەنگرچەلەمە رزگاربکرێت‌و تەنانەت بەدەوڵەتێکی شەرعیش لەلایەن عەرەبەوە بناسێنرێت کەئەمەش پێشیل کردنێکی تەواوی مافەکان‌و بوونی گەلی فەلەستینە لەسەر خاکی باوو باپیرانی .

بۆیە هەموو ئاشتیەك قازانجی تەواوی گەلانی عەرەب‌و بەتایبەتی گەلی فەلەستینی تیا نەبێت خزمەتکردنی ئیسرائیل‌و ئیمپریالیزمەو هەرگیز ئاشتی پێ ناوترێت . بێگومان گەلانی عەرەب‌و هەموو گەلانی تری دنیاش بەدل ئاشتیان ئەوێت‌و دژی شەڕن ، بەڵام ئاشتی تەنیا کاتیك ئاشتی راستەقینەیە کە مافی گەلان بپارێزێت وە ئاشتی گەلانی عەرەب‌و گەلی فەلەستین ئەو ئاشتییەیە کە هەموو خاکی داگیرکراوی‌عەرەبی فەلەستین لە ئیمپریالیزم‌و زایونیزم رزگاربکرێت‌و گەلی دەربەدەری فەلەستینی بە خاکی نیشتمانی خۆشەویستی شادمان بێتەوە .

یاسین جەلال

چینە ئاینی یەکانی یەزیدی

لەگۆڤاری -التراث الشعبی- یەوە کراوە بە کوردی

هەر ئاینێك چەند نەریت‌وفەرزیکی تایبەتی هەیە کە هەڵگرانی ئەو ئاینە یابڵێین ئاین پەرستەکانی لەسەری ئەڕۆن‌و لە ئاینەکانی تر جیائەکرێتەوە .. ئەمە بەتایبەتی لەناو یەزیدیەکاناهەیە کە ئاین پەرستەکانیان بەپێی شەریعەتی ئاینی خۆیان جێبەجێی ئەکەن . لەئاینی یەزیدی یەکانا چەندچینیکی ئاینی هەیە کە هەریەکەیان لەوانی تریان جیان .

هیچ گومانی تیانیە کە بەدرێژایی رۆژگار ئەم جیاوازیانە لەناو چینەئاینیەکانا دروست بووە ، یا ئەتوانین بڵێین لادانی هەرچینێك لەبنچینەی مەبەست وەنەبێ لەسەر ئارەزووی تایەفەکەیان بوبێت ، پیاوە ئاینیەکان هەوڵی ئەوەیان نەئەدا کە تایەفەکەیان لەسەر دەقی دواکەوتنی خۆیان بمیننەوەولەبەر ئەوەو کردنەوەی قوتابخانەش لەلادێکانی عیراقا کە یەزیدیەکانیش ئەگرێتەوە بووە هۆی ئەوە کە دەقی نەخوێندەواری بەجێ بهێڵن‌و بەرەو پیشکەوتن بڕۆن .

لەم وتارەدا فرمان‌و ئەرکی ئاینی هەرچینێك بەرامبەر بەوانی تر بەکورتی ئەخەینە پیش چاو بێ ئەوەی بمانەوێ لەبنەزەتەوە بنچاخی ئەم چینانەرون بکەینەوەو دەری بخەین .

یەزیدیەکان سێ چینی سەرەکین :

١ - شیخ
٢ - پیر
٣ - مرید

ئێمە لەم نووسراوەدا ئەرکەکانی پیاوانی ئاینی باس ئەکەین وەکو بابەشیخ‌و پێش ئیمام‌و فەقیرو قوال‌و کوچك .

١ - شیخ :

مەشایەخی یەزیدیەکان ئەمانەن :

١ - ئادانیێتی :

بریتین لە بنەماڵەی شیخ حسن ، شیخ شرف الدین ، شیخ زەین ، شیخ ابراهیم الختمی ، شیخ موسی ، شیخ بتیما .

٢ - شەمسانیەتی :

بریتین لە بنەماڵەی شیخ شمس ، ملك فخرالدین ، شیخ مندا ، شیخ سجادین ، شیخ ناصرالدین ، شیخ بابادین شیخ ئامادین .

٣ - قاتانیێتی :

ئەمەیان جگە لەبنەماڵەی ئێزیدی میرزاو شیخ اسماعیل شیخ ابی بکر لەتیرەی بسمیریە جیائەبێتەوە .

شەریعەتی یەزیدیەکان ژن‌و ژنخوازی لەنێوان ئەم سێ لقەدا قەدەغە کردووە . وە بەپێی نەریتی ئاینی هەر یەزیدیەك پەیوەستەیە بە شێخێکەوە کە ئامۆژگاری ئەکات‌و رەوشتی ئاینی پێ رائەگەیێنێ وە پیویستەشیخ ئەم ئەرکانەی خوارەوە بەجێ بێنێ :

١ - ئامۆژگاری‌و داخوازیە ئاینیەکان بەمریدەکەی بگەیەنێ

٢ - یارمەتی مریدەکەی بدات ئەگەر دەستکورت بوو وە ئەمەش لەو باجە پێی ئەدرێتەوە کە ئەخرێتە پێی مریدەکە (١) .

٣ - پیویستە لەکاتی مردنی مریدەکەدا شیخ بچێتە ماڵی مریدەکەو ئاگای لەچۆنیەتی گیاندانی مریدەکەی بێت‌و تەلقینی دابدات‌و ئامۆژگاری (مەلك تاوس)ی پێ رابگەیەنێ‌و ئینجا بیشواو کفن‌و دفنی بکات .

هەر یەزیدیەك (برای ئاخرەتی) هەیە ، کە ئەویش ئەبێ شیخ بێ یان پیر .

بنەماڵەی شیخ حسن‌ی ئادانی ئەڵێن گوایە بەشی زۆری کتێبە ئاینیەکانیان لایە، وەلەوان بەولاوە ئەندامانی تری تایەفە لە خوێندنەوەی بێبەشن ئیتر نازانین ئایا ئەم وتەیە وایە یام نە؟ ئەگەروابێ ئەوە ئەگەیەنێ کە دەستیان بەسەر گیانی رۆشنبیری ئاینی لەنێوان تیرەیەزیدیەکاناگرتووە . بەڵام بوونی ئەم کتێبە پیرۆزانە لەلای ئەم بنەماڵەیە بەتەنیا دەست گرتنە بەسەر دەسەڵاتی روشنبیری ئاینیدا ئیتر نازانین ئایا ئەم کتێبانە بەتەنیا لای ئەوتیرەیەن ؟ وەئایا بۆچی لای هیچ تیرەیەکی تر ئاشکرای ناکەن .

٢ - پیر - ئەمەیان ئامۆژگار یان پەروەردەکەریکی ئاینییە کە یەزیدیەکان پێی ئەڵێن (پیری تەریقەت) کە ئەمانە لەپلەی ئاینیدا لە شیخ کەمتر نین وەبەپێی نەریتی ئاینەکە یان ئامۆژگاری یەزیدیەکان ئەکەن‌و واجبە ئاینیەکانیان پێ رائەگەیەنن . ئەمانە لەپلەی مەشایەخدان‌و ئەم ئەرکانەیان لەسەرە :

١ - ئامۆژگاری ئاینی یەزیدیەکان بکەن .

٢ - لەکاتی پێویستیدا یارمەتی‌وخۆراك بە مریدەکانیان ئەدەن ، چونکە هەر پیرێك چەند مریدێکی هەیە کەباجی ساڵانەیان لێ وەرئەگرێ .

٣ - پیرەکان لەکاتی شۆرین‌و کفن‌و ناشتنی تەرمی مریدە مردووەکانا یارمەتی شیخەکانیان ئەدەن .

پیرەکان ئەکرێن بە چەند بەشێکەوە کە هەندێکیان ژن‌و ژنخوازیان لێ قەدەغەکراوە .

١ - پیر محمد رشان
٢ - پیر جروانە
٣ - پیر هاجیال
٤ - پیر مام شفان
٥ - پیر ایسبیا
٦ - پیر حسن حمان
٧ - پیر افات
٨ - پیر هاسنالکە
٩ - پیر بوال

پیر حسن حمان گەورەترینی پیرەکانە کە بە (پیری چل پیرە) ناوئەبرێ .. وەژن‌و ژنخوازی لەنێوان ئەم پیرەو پیرەکانی ترا قەدەغەکراوە .. دیسان ئەڵێن ژن‌و ژنخوازی لەنێوان پیر حسن حمان‌و پیرهاسنالکەو هەندێ لەو پیرانەی تر دروستە کە نەخۆش‌و شێت بەئاهەنگی ئاینی خۆش ئەکەنەوەو چارەسەری ئازارو ناخۆشی ئەکەن .

٣- مرید - ئەمەش چینێکی ئاینی یەزیدیەکانە کە هەموو داخوازیەکی چینەکانی شیخ‌و پیری لەسەرەو جێبەجێی ئەکات وەلەوان کەمتر نیە لەپلەی ئاینیدا ئامۆژگاریە ئاینیەکانیان بەپیشەی خۆیان داناوەو ئەمانیان لێ بێبەش کردووە ، گوایە ئامۆژگاری ئاینی‌و زانیاریە بنەرەتیەکانی ئاین هەرئەوان ئەیزانن . بەڵام ئەم بەستە یابڵێین ئەم شورایە لەنێوان ئەم دوو چینەدا کار ناکاتە سەر ئەوە کە بیروباوەڕی مریدەکان لاوازبکات وریگای ئیش کردن‌و هەوڵدان بۆ زۆرتر فێربوونیان لێ ناگرێ .

کە زنجیرەی بنەماڵەی پیرێك یاشێخێك ئەبڕێتەوە مریدەکان ئەتوانن شیخ یاپیرێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن . شیخ‌و پیر ئەتوانن بێ ئەوەی هیچ ئامۆژگاریەکی ئاینی مریدەکانیان بکەن راستەو خۆ بچنە ماڵەکانیانەوەو ئەو باجەی کە خراوەتە پێیان بەرەزامەندیەوە لێیان وەربگرن ئەگەر ئامۆژگاری ئاینی مریدەکانیان نەکرد ئەوە یاشیخ‌و پیرەکان کەم شارەزاو نەزانن یاهەر ئەیانەوێ لە بارەی پێراگەیاندنی ئامۆژگاری ئاینیەوە دیوارێك لەنێوان خۆیان‌و مریدەکانیانا دروست بکەن .

پیاوە ئاینیەکانی یەزیدی

١ - ئەمیر - لە بسمیریەکانە ، لەواقعدا شتێکی دیارکراو نیە بۆدانانی ئەمیر جگە لەسودوەرگرتن لە ناوبانگی بنەماڵەو بەبی راوێژ کردن لەگەڵ ئەندامەکانی تایەفەکەدا . ئەم جیگایە لەناو یەزیدیەکانا لەرووی ئاین‌و کۆمەلایەتیەوە بایەخێکی زۆری هەیە ، ئایا پێویست ناکات بیرورای هەندێك خاوەن ناوبانگ‌و بیرورای تایەفە وەربگرێ ؟ ئەوەمان بۆ دەرنەکەوتوە کە بۆچی رەخنە لەکردەوەکانی ناگرن .

داهاتی ئەمیر لە چەند سەرچاوەیەکەوە دێت لەو پاشەکەوتانەی کە بۆ طاوس‌و مەرقەدی لالش - قیبلەی ئاینی یەزیدیەکان - دائەنرێن، ئەو دیهاتانەی کە وەقفی مەرقەدی لالش کراوون ، دەسەندەو دیاری ، مارەیی ئەو کچانە کە حەقداریان نیە .

ئەم داهاتانە بە هەزاران دینار ئەبێ ئەمیر ئەو پارەیە بۆ چاکردنەوەی لالش‌و یارمەتیدانی پێویستی بەکار بێنێ .

ئەم داهاتانە لە نێوان ئەمیرو براکانی بنەماڵەی بسمیر یەکانا دابەش ئەکرێ ، بەپێی ئاینی یەزیدیەکان بسمیریەکان لە رەگەزا ئەچنەوە سەر قاتانییەکان . وە بسمیری بەمانای - بێ ئەمیر - . ئەمانە ژمارەیان کەمە ، ئەم بنەماڵەیە لەمەوبەر دەستێکیان هەبووە لە هاندانی تایەفەکانا لە روی یەکتریدا وە تەنانەت ئەندامانی تایەفەکەیان لەئاین ئەشۆردەوەو هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە قوتابخانە لە لادێکانی یەزیدیەکانا نەکرێتەوە بۆ ئەوەی خۆیان بە دەسەڵاتداری بمیننەوە .

بسمیریەکان لەگەڵ بنەماڵەی شیخ أبی بکرو ئەمیری ئێستای یەزیدیەکانا کە نەوەی سعید بەگە ژن‌و ژنخوازی ئەکەن .

ئەمیری ئێستا لە بارەی چاکردنەوەی - لالشەوە وەکو جاران نیە .. پارەیەکی دیاریکراوی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان ئەکات .

٢ - بابا شیخ :سەرگەورەی مەشایەخەکانە ، وەکو چۆن پاپا لەناو مەسیحیەکانا پلەیەکی ئاینی بەرزی هەیە ئەمیش سەرۆکی تیرەی روحانی یەزیدیەکانە . ئەمانە خۆیان بە نەوەی شیخ فخرالدین ئەزانن وە لە رەگەزدا شمسانین ئەم ئەرکە ئاینیانەیان پێ سپێراوە :-

١ - پاریزگاری کردنی سجادە .

٢ - رابەری پیاوە ئاینیەکان ئەکەن‌و ئامۆژگاری ئاینی بە یەزیدیەکان را ئەگەیەنن .

٣ - نیش بە پیاوە ئاینیەکان ئەسپیرن .

٤ - بابا شیخ هەر ساڵی جارێك یا دوو جار دیدەنی یەزیدیەکان ئەکات .

٥ - هەموو ساڵێك لە چلەکانی هاوین‌و زستاندا نوێژ ئەکات‌و یەزیدیەکان دیاری بۆ ئەبەن رێزی پلەی ئاینی ئەگرن .. ئەمیر باسی کاروباری ئاینی بۆ ئەکات‌و هەواڵی تایەفەکانی بۆ باس ئەکات .

٦ - ئەگەر ئەمیر داوای چاکردنی لالش بکات ئەوجار بابا شیخ‌و هەندێك لە خاوەن ناوبانگەکان‌و دەسەڵاتدارەکان سەر پەرشتی ئەو کارە ئەکەن .

٧ - لە هەموو جەژنێك‌و هەموو مناسەبەتێکی ئاینیدا بابا شیخ لەگەڵ چەند پیاو گەورەیەکی ئاینیدا ئەچێ بۆ لالش بۆ بەجێهێنانی فەرزی ئاینی .

بابا شیخی ئێستای یەزیدیەکان بابا شیخ حاجی کوری بابا شیخ اسماعیلە لەبنەماڵەی شیخ فخر الدین .. وە لە قەزای - شیخان - دائەنیشێ جگە لە کاروباری ئاینی گەلێك کردەوەی چاك بۆ تایەفەکەی ئەکات وە هانی پیاوە ئاینیەکان ئەدات کە فێری خوێندەواری ببن .

بڕوانە ل -٤-

سەرنجێك لە شۆڕشی زەفار

نووسینی : بابەك

شۆڕش جەبری مێژوویە ، لە هەرجێگایەك زوڵم‌و زۆر هەبێ بەربەرەکانیش هەیە . گەلانی جیهان دەزانن کە هەرچەند ئیستعماری کۆن بەگشتی لەناو چووە ، بەڵام بەتایبەتی لەباری ئابوورییەوە مەیدانی بەجێ نەهێشتووە‌و لەژێر پەردەی سەربەخۆیی ڕواڵەتیدا دەیەوێ هەروەك جاران وڵاتەکانی ئەمووستەعمەرە [illegible] . ئیستیعماری پیری بریتانیا کە خاوەنی موستەعمەرەیەکی زۆر بوو ، لە هەرجێگەیەك [illegible] شۆڕشەوە ئیستعمار وەدەرنێن ، سەربەخۆیی ڕواڵەتی [illegible] نۆکەرو جیرەخۆرەکانی خۆی [illegible] هێنا سەر کار . بەمجۆرە [illegible] شێکی تازەی لەو وڵاتانەدا [illegible] خۆی پێك دەهێناو هەروەکو جاران سامانی نیشتمانی وڵاتانەی بەتاڵان دەبرد . یەکێك لەوناوچە هەرە گرنگ [illegible] بەپیت‌وپێزانە کە ساڵەهای [illegible] بوو ئیستیعماری پیری ئینگلیز دەستی بەسەردا گرتبوو ونەوت واتە گرنگترین سامانی نەتەوایەتی وڵاتانی ئەو ناوچەیەی بەتاڵان دەبرد ، مەڵبەندی خەلیج بوو . بریتانیا کارێکی هەستی کرد کە لەژێر تەئسیری خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی جیهاندا مەترسی ئەوە هەیە گەلانی ئەم ناوچەیە ڕابەڕن شۆڕشێك لەدژی داگیرکەران بەرپا بکەن ، سەربەخۆیی هەموو شێخ‌نشینەکانی ئەم ناوچەیەی سەپاند . یەکێك لەوانە سوڵتان‌نشینی مەسقەت‌و عومان بوو .

زەفار لەمەڵبەندی ڕۆژئاوای وڵاتی مەسقەت‌و عومان هەڵکەوتووە لە ڕۆژئاواوە دراوسێی یەمەنی دیموکراتی‌و لەشیمالەوە دراوسێی عەرەبستانی سعودیە . گەلی زەفار لەدژی زوڵم‌وزۆری سوڵتانی پێشووی عومان‌و دەسەڵاتی ئیستیعماری ئینگلیز شۆڕشێکی دەستەنی هەڵگیرساند .

شۆڕشی زەفار ساڵی ١٩٦٥ دەستی پێ کردو بەرەبەرە پەرەی ئەستاندو ئیستیعماری ئینگلیزی خستە ترس‌و لەرزەوە . ئیستیعمار ناچار بوو سوڵتانی کۆنەپەرستی عومان لەسەر کار لابەرێ‌و کوڕەکەی واتە سوڵتان قابوسی لەجێگا دابنێ . ئیستیعماری بریتانیا بە سوڵتانی تازەی ئەسپارد کە بۆ بەرگری لەشۆڕشی راستەقینەی گەلی زەفار هێندێك ئیسلاحاتی نیوەچڵ بەجێ بگەیەنێ . بەڵام گەلی ئەو وڵاتە تازە بەوجۆرە ریفۆرمانە هەڵنەدەخەڵەتاو دەستی لە شۆڕشی پیرۆزی خۆی هەڵنەدەگرت . بۆیە هێزەکانی سوڵتان قابوس بەپشتیوانی ئیمپریالیزمی بریتانیاو سێ وڵاتی کۆنەپەرستی ناوچە بەتوندی پەلاماریان بردە سەر شۆڕشگێرانی زەفارو هەموو توانای خۆیان بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش خستە کار . بەڵام لەگەڵ ئەوشەڕە نارەوایەی بەشۆڕشگێرانی زەفار دەفرۆشرێ‌و لەگەڵ ئەوەی ئێستا فڕۆکەکانی سوڵتان قابوس‌و لایەنگرەکانی ناوچە ڕزگارکراوەکان بۆمباران دەکەن ، شۆڕش هەر بەرەوپێش دەچێ‌و تەنگی بە زۆرداران هەڵچنیوە .

لە کۆنگرەی مێژوویی ساڵی ١٩٦٨دا شۆڕشی زەفار ناوی گۆڕاو بوو بە « بەرەی گەلی بۆ ڕزگاری خەلیج‌و عومان » . ئامانجی دوارۆژی ئەو بەرەیە ئەوەیە کە هەموو ناوچەی خەلیج لە هێزە کۆنەپەرستەکان پاك بکاتەوەو ڕژێمێکی پێشکەوتوو لەهەمووی ئەو ناوچانەدا بهێنێتە سەر کار .

لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا شۆڕشی زەفار بێجگە لە سەرکەوتنی نیزامی لەباری ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیشەوە هەنگاوی زۆر گەورەی هەڵێناوە . لەناوچە ڕزگارکراوەکاندا نەزمی دەرەبەگایەتی لەناو چووەو جووتیاران بوونە خاوەنی زەوی خۆیان‌و دروشمی « زەوی هی ئەوکەسەیە کە دەیکێڵێ » بەتەواوی جێبەجێ بووە . جووتیارانی زەفار شۆڕش بە پارێزەری مافی ڕەوای خۆیان دەزانن‌و بەهەمووتواناوە پشتی دەگرن‌و بەشێك لەبەرهەمی زەویەکانیان بۆ شۆڕش تەرخان دەکەن . لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا فێرگەو قوتابخانەیەکی زۆر دروست کراوەو منداڵانی ئەوناوچانە لەقوتابخانەی شۆڕشدا فێری خوێندن‌و نووسین دەبن‌و بەهەستی شۆڕشگێری گەورە دەکرێن . بێجگە لەوەش ، ئەو منداڵانەی تەمەنیان زیاترە دەستیان تفەنگ دەگرێ ، فێری [illegible] شەڕ دەکرێن‌و [illegible] وەك پارتیزانێك پەروەردە دەکرێن .

لەناوچەی ڕزگارکراودا ژنان مافی بەرابەری لەگەڵ پیاواندا وەرگرتووەو لە هەڵسووڕاندنی کاروباری شۆڕشدا شانبەشانی براکانیان بەشدارن .

لەباری [illegible] شۆڕش هەنگاوی گەلێکی [illegible] . زۆر نەخۆشخانە دامەزراون کە [illegible] خەڵکی ناوچەکە بەخۆڕایی دەرمانیان دەکەن‌و یارمەتی پزیشکی‌و دەرمانی پێشکەش هاونیشتمانان دەکەن .

هەروەها خەڵکی فێری دەرمانی نەخۆشی ئاژەڵ دەکەن بۆئەوەی مەڕوماڵات باشی پەروەردە بکەن‌و بەرهەمی ئاژەڵداری پتر بێ و داهاتی ئەم لایەنە بچێتە سەر .

بەکورتی شۆڕشی زەفار کە ئێستا ناوی « بەرەی گەلی بۆ ڕزگاری خەلیج‌و عومان » ی لەسەر خۆی داناوە لەهەموو بارێکی نیزامی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیەوە پێشکەوتنی گەورەی وەدەست هێناوەو پاشەڕۆژێکی زۆر ڕووناکی بۆ چاوەڕوان دەکرێ .

بڕوانە ل ٧

Institut kurde de Paris

پانزە هەزار کیلۆمەترو ..

١- چەند راستی یەکی ساکار

ئەوەی لەم ژمارەیەو لە ژمارەکانی داهاتوودا ئەینوسم لەو یادداشتانەوە وەرگرتوە کە رۆژانەو بۆ ماوەی ٢٠ رۆژەی چونەکەی ئەم دواییەم بۆ کۆنگرەی نووسەرانی ئاسیاو ئەفەریقا لە ئالمائاتا ئەم نووسین .

حسین عارف

« ئەم زنجیرە نووسینەی کاك حسەین عارف بڵاوئەکەینەوە ، لەسنووری رەخنەی راستو و دامەزرێنەرو بنیاتنەردا ، وەبۆ هەمووکەسێك هەیە لەسەری بنووسێت - هاوکاری . »

« ئەمەس ئەم سەرزەمینەلە - چوارباغ -و بگرە لە سلەیمانیو کوردستانو عێراقیش فراوانترە ! »

ماوەی دوو سەعاتی رەبەق بوو ، سەرم نابوە ناو پەنجەرەی فرۆکەکەوەو هێجگار بە پەرۆشەوە ، لەو دەیەها دیمەنە جۆر بەجۆرانەی سەرزەمین ورد ئەبوومەوە کە بەرودوا ئەکەوتنە پێشچاوم، ساتێك ئەم راستی یە هەرە ساکارە بە مێشکما بروسکەی کردو دەروونمی هەژان .

من ئێستا برای ببەرگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر خوێندنەوەو بیستنیش هەر داد نەدەن ، ئەوا بڕینی پانزە هەزار کیلۆمەترو بەتەنها (٢٠) سەعات بەئاسماندا بەسەر سەدان شاخو دۆڵو دەشتو بیابانو دەریاو رووباردا ، بۆی هەیە ئەو راستی یە هەرەساکارانە ، بەنیازی بینینیان ، هەروەها ببرای ببڕ بەهەرۆڤێك بسەلمێنێ ، ئەگەر مێشك کوێر ، یا پووت نەبێ .

- ٢ -

لە نزیکەوە رووبەرووبوونەوەی ئەو راستی یە هەرە ساکارانە ، بەنیازی بینینین ، بەچاوو گرتنیان بەدەستو لە باوەش گرتنیان بەدەروون ،(بۆ ئەدیبو شاعیر بەر لەهەر مرۆڤێکی تر) ، مەسەلەیەکی هێجگار بایەخدارو کاریگەرەو بگرە زۆر پێویستە . بۆچی ؟! با وردی کەمەوە .

گریمان یەکێك هاتو پێی وتیت رووی قسەم لەئەدیبو شاعیرانە) :

- ئارارات لوتکە شاخێکی قوتی گەلێك بڵندەو سەری لەباوەشی ئاسماندایە .

تۆ باوەڕی پێبکە .. ئا.. باوەڕی پێبکەو هیچ گومانت لەقسەکەی نەبێت . بەلاَمو ئیتر لەم بەلاَمەوە من باسەکە دێنمەوە سەر تاقی کردنەوەی تایبەتیی خۆم . ئەپرسم : « بۆ گوایە من لەوەبەر کەمم خوێندبوەوەو کەمم بیستبوو . کەمیش بەوێنەی رەنگاو رەنگ ئەو ئاراراتەم دیبوو ؟! نەء .. زۆر .

کەچی وەختێك لەنهۆمی ژمارە (١٢)ی ئوتێلی (ئانی)یەوە لە (یەریفان) ، یان لەبەردەرگای کڵیسەی (ئیتش میادزین)ەوە(٢) لە شاری(ئیتش میادزین) ، یان لەناو رەزەکانی کۆڵخۆزی (لینین)ەوە یا لەساتەکانی زەردە پەڕدا بەرزایی (سەرداراباد)ەوە (٣) بەرەو ئەو (ئارارات) ئەوەستامو تێی وردئەبوومەوە ، (ئارارات)ێکی گەلێك جیاوازم بەچاو ئەدیو بەدەروون ئەگرتە باوەش .

ئەی ئەدیبو شاعیرە کوردەکان ..! بچن رووبەروو راستی یە ساکارەکان ببینن .

- ٣ -

« خەریکم ئەو گومانەی هەمبوو لەژیان ، بەتەواوی دەستی لێهەلگرم . خەریکم بێ سەر ئەو باوەرەی کە ئەهێنێ مرۆڤ تاسەر بژی » .

کە لە (مۆسکۆ)وە کەوتینەرێو لە فرۆکەخانەی (ئەلمائاتا) فروکەکەمان نیشتەوە ، ئاگاداریان کردین کە میلی سەعاتەکانمان (٣)سەعات بگێڕینە دواوە . من لەسەرەتادا ئەمەم بە لاوەسەیر بوو . بەلاَم هەرزوو وەك هەر یەکیکی تر لەراستی یەساکارەکان ، پێی شادمان بوومو بەئاسانی لێی حاڵی بووم .

« ئێستاش ئەوەتا کە لە(ئەلمائاتا)وە بەرەو (یەریڤان) ئەکەوینە رێ . سەعات حەوتو نیوی سەر لەبەیانی یە . کەچی دەنگێکی ژنانەی ناسك لەئێستگەی ناو فڕۆکەکەوە ئەڵێت : (.. رێگا -٤٨٠٠- کیلۆمەترە .. بە پێنج سەعاتو چل دەقیقە ئەگەینە جێ .. واتە دەو بیست دەقیقەی سەر لەبەیانی بەکاتی - یەریڤان -) دیارە ئەم راستی یە ساکارەی ئەمجارەم بەلاوە سەیر نی یە . ئێستا لە - ئەلمائاتا -وە بۆ - یەریڤان - بەرەو رۆژئاوا ئەچین .

بڕوانە ل ٧

چیرۆك

لەگەردەلوولی خەوەکردندا

نووسینی : احلام منصور

(دەرگاکەی کردەوەو هاتە ژوورەوە ، باوەشی کرد بە خوشکەکەیداو دەستیان کرد بەگریان ، ... گیانی کەوتە لەرزین .. لێوەکانی ئەستور بوون .. چاوەکانی دەکردەوەو لێکی دەنانەوە.. وەکوو یەکێك بیەوێ زوو رزگاری بێتو بگاتە ئەنجام ...)

ستووە .. هەر دەرشایەوە ، دەبێت سەرمای نەبوو بێت ؟

- رەنگە .. ئەگەر حەز دەکەن دەیبەین بۆ لای دوکتۆر!

- نا ... ئۆ .. چەندە رقم لە دووکتۆرە !

- ئاخر کچم ، دەکرێت هەر ئاوا بەنەخۆشی بتلێتەوە !؟

- بۆ لەپێشەوە نەتوت !

- ترسام ..

- ئەو ئەزانێت ؟..

- نەء .. نازانێت ، بەلاَم وتی ئەگەر نەخوش کەوتیت ، پێم بڵێ ئەتبەم بۆ لای دوکتۆرێکی برادەرمو چاکت

هاتەوە ژوورەوە ، دیسان گەڕایەوە ، پاڵکەوت ، لێفەکەی دابەسەر خۆیدا .. لێفەکەم لەسەر لابرد .. هەڵمساند.. خۆی گۆڕی .. کەوتینەرێ.. سێقوڵی چووینە ژورەوە ... بۆلەیەکی لێوەهات ..)

- هەرباشە کەسی لێ نیە !

(دوو ژنی قەڵەو هاتن ، پیاوێك هات کوڕێك دەرگای کردەوە .. خۆم بەخوێندنەوەی رۆژنامەیەکەوە خەریك کرد ، فرێمدا .... ئاورم دایەوە ..)

- ئاور مەدەرەوە ، نەوەکوو بزانن ..

- بۆ لە خۆت دەترسی ؟

- پێمەکەنە .. نەوەکوو بزانن ..!

چوینە ژوری دووکتور ...

- کێتان نەخۆشە ..؟

(زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا .. دەستی کرد بە قسە کردن تەماشای یەکتریمان دەکرد .)

- بەختی رەشی من وایە.. چیبکەم خوا وای لەچارە نووسیوم ..

ماوەیەکی پێچوو ، لەقسەکانی بووەوە ، تەلەفونەکەی داخست ..

- هەست بەچی دەکەیت ؟

- دووکتور .. وەرە .. دەی .. زوو .. ژنەکە .. لە پەنجەکەی رزگاری بوو .. دەستی کرد بەهاوار .. فریاکەوە .. بزانە چی یەتی !

(دەستمان کرد بە بۆڵەبۆڵ .. ماوەیەکی درێژی پێچو .. هات داوای لێبوردنی کرد ..)

- فەرموودەی ..

- .. ..

- هەستە برۆینە ژورەوە . پێنج دەقیقەیەك تێپەری هاتنە دەرێ ..

- دوکتور .. چی یەتی ؟

- چەند مانگ دەبێت شووی کردووە !؟

کەسمان وەڵامی پرسیارەکەمان نەدایەوە .. هاتینە دەرەوە .

- نامەوێ .. قسە مەکە ..

لە کوڕەکەم پرسی ...

- دوکتۆر .. سەعات چەندێت ..

- سەعات پێنج ...!

- قسە مەکە ، لێی مەپرسە .. با نەزانن !

(ئوتومو بێلێك لەبەردەرگا راوەستاو ئاورم دایەوە) .

- ئاور مەدەرەوە !

- خۆی نیە !

(پاسکیلێك تێپەڕی .. ئافرەتێك تێ پەڕی .. نیو دەستەکوڕ بەفیكو هۆرپەبەر پەنجەرەکەدا زەت بوون ..)

- ئەمانە بۆ فیك و هوردەکەن ، دیارە شتێکیان بیستوە ..

نۆسراوێك بەدیوارەکەدا هەڵواسرابوو ، «تکایە منداڵ لەگەڵ خوتان مەهێنن » ..دوو ژن هاتن لەژێر نووسراوەکەدا دانیشتن .. چوار منداڵیان لەگەڵدا بوو ..!! پێ کەنیم) .

(سەیری کردمو .. هیچی نەوت !!)

(تەماشای خوشکەکەی کرد ، لە چاوەکانیا دیار بوو ... شتێك قەوماوە !!)

- پێی ئەڵێیت .. یان نە ؟

- تۆ پێی بڵێ .. من .. ناتوانم !!

(خوشکەکەی ، چاوی هەڵبڕی ...)

- نەسرین ... ئی .. سوعاد ...!

- زوو بڵێن ... چیتانە ؟!

پارەتان دەوێت .. شەرم مەکەن ..!

- نەء .. نەء .. پارەمان ناوێت ..

- شتێك لەماڵەوە قەوماوە ؟!

نەء ...

- هەمووی .. نەء .. دەی بڵێن چی رووی داوە ؟

- سوعاد ... سوعاد نەخۆشە !

- چی یەتی .. کوێی ژان دەکات ؟!

(دایکی هات ..)

- دوێنی تا بەیانی نەنوو—

(چوومە ژوور سەری .. فرمێسکەکانی چاویم سڕی .. کەوتمە دڵ دانەوەی ..)

- ئێ .. پێت نەگوتم کوێت ژان دەکات ؟

- ئاخ .. خۆزگە بەقسەم بکردیتایە !

- ها ... چۆن ؟.. کەی ؟

- وو .. ووس .. بادایکم گوێی لێنەبێت !

(. پیاڵە چاکە لەدەستم کەوتو رژا بەسەر قاچەکانمدا! سەرتاپا گیانم هاتە لەرزین ، وەکوو گەڵایەکی زەردی پایز.. با ئەیبردمو ئەیهێنام .. بەلاَم بەتەواوی دڵنیا نەبووم کە راست دەکات !) ..

- چۆن .. وات لێهات ؟

- نازانم !

- لەکەیە وە ؟

- سێ هەفتەیە !

دەکاتەوە !

- دەتەوێت بڵێت چی ؟

- ئەڵێم .....

- قسەی وانیە .. بابە تەنیا برۆین .. دەی .. بابرۆین ...

(دایکی هاتەوە ژورەوە)

- ئەی بەقوربانتبم .. رازیت کرد بچن بۆلای دوکتۆر؟

- ئا .. پێویست ناکات تۆ بێیت .. من لەجیاتی تۆ لەگەڵی دەرۆم !

- ئا .. راست دەکات دایەگیان !

- نابێت کچی خۆم ، باوکت بزانێت بەتەنیا چوویت بۆلای دوکتۆر حەیام دەبات -

***

(هەستا .. رادیۆکەی کردەوە ، کوژانیەوە چوە دەرەوە

جۆن میلتۆن

ئەرسەلان بایز

لە (٩)ی کانوونی یەکەمی سالی (١٦٠٨) لە (لەندەن) لەدایك بوە . هەر لەو سالانەدا بۆ یەکەمجار ناکۆکی لەنێوان پەنیمەو حوکمرانەکانی بەریتانیادا سەری هەڵدا کە لەئەنجامدا بوە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ئاینیو ئینجا فیکریو سیاسی نوێ . میلتونی شاعیرپش پشووی لەم دوو بەرەکیدا گرتو سەیری کرد وڵات بەرەو شەرێکی ناو خۆیی دەڕوات . شەڕەکە روویدالو لە ئەنجامیدا رژێمی پاشایەتی رووخا . چارلسی یەکەم لەسێدارە دراو (ئۆلیڤەر کرۆمۆیل) کرا بەسەر کۆمار بەلاَم پاش مردنی کرۆمویل دووبارە رژێمی پاشایەتی گەڕایەوەو چارلسی دووەم کرا بە پاشا . میلتون ئا لەم سەردەمەدا لەدایك بوو ، پێ گەیشتو چوە کۆڕی ئەدەبو شیعرەوە .

میلتون یەکێك بوو لە شاعیرە نوێ خوازەکانی سەردەمی خۆی . کە تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵان ، باوکی ناردی یە قوتابخانەی (قدیس پۆلس) . یەکێك لە مامۆستاکانی (ئەلکسەندەر جیل) ، هەر لە زوەوە هەستی بەزرنگی میلتون کردو وتی :

« ئەم منداڵە خاوەن بەهرەیەکی زۆر بەتوانایە باوکی ئەم قسەیەی لەگوێ گرتو بایەخێکی زۆری پێیدا .. شەوان تا درەنگ وەختێك دەرسی بەکورەکەی دەووتەوە .

میلتون خۆی لەم روەوە دەڵێ : « باوکم هەر لەمنداڵی یەوە گەلێ بایەخی پێدەدامو بوە هۆی شارەزا بوونم لە زۆر باری زانستو ئەدەبو رەووشت) .

میلتون هەرلەو قوتابخانەیەدا فێری زمانی لاتینیو یونانی بوەو هەر لەو ساڵانەشدا فێری زمانی فەرەنسیو ئیتالی بوە کە ئەم دوو زمانە لەپرۆگرامی قوتابخانەکەدا نەبوون .

کە تەمەنی گەیشتۆتە پانزە سال ، بۆ یەکەمجار هەوڵی شیعر دانانی داوە . لە سالی (١٦٢٥)دا قوتابخانەی ئامادەیی تەواو کردوەو چۆتە زانکۆی (کمبرج) . بەلاَم لەگەڵ مامۆستاکانیدا کەوتە ناکۆکی یەوە ، لەسەر پرۆگرامەکانی زانکۆو لەئەنجامدا دەرکرا . لەتەمەنی بیستویەك سالیدا ، جوانترین شیعری نووسیوە .

مردنی دایکی لە سالی (١٦٣٧)دا ، کارێکی گەورەی تێ کردوە . بۆیە رووی کردۆتە وڵاتانی ئەورووپاو سالو نیوێك ماوەتەوە . لەو ماوەیەدا گەلێ شیعری بەزمانی لاتینی نووسیوە . تەقەلای داوە بەزمانی ئیتالیش بنووسێت . وەهەر لەو سەفەرەیدا ناسیاوی لەگەڵ زۆر لەئەدیبو زانایانی ئەو سەردەمە پەیدا کردوە .لەوانە (هۆگۆ گرۆتیوس) لەپاریسو (گالیلۆ) لە (فلۆرنسا) . لەدواییدا گەڕاوەتەوە (لەندەن)و وتویە « زۆر سووکی یە بۆ من لێیرە) لە رابووردن بگەڕێمو لەوێش گەلەکەم لەپێناوی سەربەستیدا لەخەباتێکی سەختدا بێت) .

کە گەڕاوەتەوە چەندین نووسینو بەیاننامەی دژی پاشایەتیو کەنیسە نووسیوە. لە سالی (١٦٤٣)دا (ماری باول)ی خواستوە کە ژنێکی دەوڵەمەند بوە . لەپێش سالی (١٦٥١)دا چاوەکانی کوێر بوون لەتەمەنی پەنجاو دو سالاَندا گەلێ لە بەرهەمەکانی سووتێنراوونو خۆی خراوەتە بەندیخانەوە . دوایی بە پارەیەکی زۆر بەرەڵلا کراوە . ئیتر باری ژیانی زۆر خراپ بوە . چاوی کوێرو بێتوانایی لە ئیش کردندا . تا لە سالی (١٦٧٤)دا کۆچی دوایی کرد .

نامەیەکی بێ ناونیشان

محمد حمه باقی

ئەوەندە ووشەی: خۆشەویستی »م ، بۆ نووسیوین
هەموو جۆرەکی زەمینم، لێ تەنیوویت
هەرچۆنێك بجووڵێیتەوە ..
ئەکەویتە ناو دڵمەوە !
چونکە ئەم دڵەی تۆی ئەوێ ،
ئەوەندەی خۆشەویستیت، ئەبێ !
خۆشەویستی تۆش ئازەنین ،
پڕ بەئاسمانەو ، بەزەمین !..
لەهاتو چۆو لە گەڕانما ،
لەهاوینگەو ، لەسەیرانما ،
هەر دەرختێ تووشم بووە
لەناو « قەد »یا ، .. لەتوێکڵیا ،
ناوی تۆم لێ هەڵکەندووە ..!!
ئێستا هەر درەختێ ،سەیری ،
ناو قەدی کەی ..
لەجیاتی چاو پێکەوتنم ،
شێوەمی تیا ، بەدی ئەکەی .. !
چاوی شیعری رۆژنامەکان ،
سەرنجیان بدە جار ،جارە ..
پرشنگی نامەی گەلێکیان ،
سکاڵای دڵداری - دووری نهێنیمانی - ، تیا دیارە
لەوانەیە .. چاوەکانت ،
لەبەرامبەر ئاوێنەدا .... لەرۆژێکا ،
هەر چەند جارێك ،
خۆت ببینێ ..
بەلاَم پەردەی چاوی دڵم ،
لەرۆژێکا .. گەربیژمێرم ،
تا ملیارێك ،
تۆئەنوێنێ ..!!

مردم و ژیامەوە

نوری شیخ مستەفا قەرەداغی

کە بووم مردم
بەزیندوویی مرانیانم
دژی فێربوون خنکانیانم
گۆڕەو شاریان خستە یادم
کە عشقی بم
دڵیان گرتم مرانیانم
لەژیانا مرانیانم
گوێیان گرتم بە قوڕقوشم
کە دووربێ بیری ئازادی
چاویان بەستم بە تەزبێحێك
بە وشەی وەکوو خەوبینین
مرانیانم ..
بەزیندوویی مرانیانم
ووشەی ژیان ،
بە ئاوێوو ژیان کردم کردم
کە ژیان بەوڵ لێدانە
بە ناو چۆڵو بیابانا
بۆ دەرچوونمان
بۆ ژیانە
بەمردوویی فێریان کردم
کە بگەڕێم بەدوای ژیان
ژیانی پاش لەناوچوونمان
مرانیانم ..
بەزیندوویی مرانیانم
دەستو چاویان بەجووت بەستم
خستیانمە سەر شانۆیەك
پڕ لەتەختەو کورسی شکاو
بەبێ بینەر
بۆ ئەوەی من بژیمەوە
لەسەر دەرسێك ، داری گەندەڵ
بڕوێنمەوە
لەسەر دەرسێك ، چیرۆکی کۆن
بگێڕمەوە ..
هەتا بەشێکی ژیانم
مرانیانم ..
بەزیندوویی مرانیانم
بەلاَم بەریارمەتی بیری نوێ
بیرێ لەمێشکما تێکۆشێ
بە مردوویی بژیمەوە
وەکوو کوورە ، قورقوشمی کۆن
بتوێنمەوە ..
داری گەندەڵ بیرمەوە
چیرۆکی نوێ بگێڕمەوە
بیر لەژیان بکەمەوە
ئەوا منیش ،
(ژیامەوە .. ژیامەوە)

institut kurde de paris

هاوکاری

وڵات لە هەفتەیەکدا

ژمارە (١٩٠) ٢٦-١٠-١٩٧٣

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەشە نەوتی کۆمپانیای نەوتی

هۆڵەندا لە کۆمپانیای نەوتی بەسرە ئەکات بە موڵکی دەوڵەت

ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شورش رۆژی ٢١ی تشرینی‌یەکەم سالی ١٩٧٣ بریاری‌دا بەشی هولەندا لە کومپانیای نەوتی بەسرەدابکات بە مولکی دەولەت ، کە سزایەکە بەسەریا ئەدریت بەرامبەر بەو هەلویستە دوژمنانەیەی گرتویەتی بەرامبەر بە میللەتی عەرەب ، وەهەروەها بەرامبەر بە سوور بونی لە پشتگیری کردنی دوژمنی داگیرکەر ، کە مافی راستەقینەی گەلەکەمان و بیروباوەری راست و سەربەستی دنیایی خستوتە ژیر پێوە ..

جا بەپێی ئەو ئیلتیزامە نەتەوەییەی بیروباوەری‌شۆرشی ١٧ی تەموز هەیەتی ، وە لەبەر ئەوەی چەند جاریك بلاومان کردۆتەوە کە ئیمە ریگای هیچ لایەك نادەین پشتی زایونزمی دوژمنمان بگریت ، لە پێشێل کردنی مافی زەوت کراوی نەتەوەکەمان و لە هەمان کاتا سوود لە خیرو بەرەکەتی ولاتە‌کەشمان وەربگریت وەلەبەرئەوە‌ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا‌شمان سزاداوە بەرامبەر بەو دوژمنایەتیە ئاشکرایەی دژی نەتەوەکەمان ئەیکات ، بەشە نەوتەکەی‌مان لە کۆمپانیای نەوتی بەسرە کرد بە مولکی دەولەت ..

جا سەبارەت بەو هەلویستە دوژمنایەتکاریە ئاشکرایەی هۆلەندە بەرامبەر میللەتی عەرەب گرتویەتی ، وە لەبەر ئەوەی هولەندە سوورە لەسەر یارمەتی‌دان و پشتگیری کردنی زایونیزمی دوژمن و داگیرکەرو ماف‌زەوت‌کەری ولات و نەتەوەکەان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەپێی یاسای ژمارە ٩٠ی سالی ٩٧٣ بەشە نەوتی هولەندەی لە کومپانیای نەوتی بەسرە کرد بە مولکی دەولەت .

کورتە هەواڵ

● بەرێوەبەرایەتی هاریکاری پارێزگای هەولێر ٢٠٠ تەن لۆکەی بۆ چیکەنەی کەرکوك و موصل نارد ئەم لۆکەیە بەرهەمە نیرراوە هی هەرەوەر‌کاری‌یە کشتوکالی‌یەکانی پارێزگاکەیە .

● بانکی کشتوکالی هەولێر لە سەرەتای ئەم‌سالەوە ١١٧ هەزار دیناری داوە بە ٦٩ زارع و ٤٧ هەرەوەزکاری کشتوکالی پارێزگاکە .

ملیۆن‌و نیوێك دینار ئەدرێت
بە بەخێوکەرانی پەلەوەر

بەیانی رۆژی ٢١-١٠ لە کۆمپانیای گشتی پەلەوەر کۆبونەوەیەك لە نێوان یاریدەدەری گشتی کومپانیاکەو جێگری بەرێوەبەری سامانی ئاژالی گشتی‌و لیژنەی بەریوەبەری کومەلی «الرافدین» کە پەلەور بۆخویان پەروەردە ئەکەن‌و خاوەن کیلگە تایبەتی‌یەکان بووە .

وە ملیون‌و نیویك دینار پارەی گران بەهایان بە فەرز داونەتی تاکو هێلکەو‌مریشك‌و جوجەلەو ئالف‌و پرۆتینی بۆ کەرتی تایبەتی‌ولات پێ بهێنن ..

چەند هەرەوەزکاری‌یەکی‌تر

بەرێوەبەرایەتی گشتی‌هەرەوەزکاریە کشتوکالییەکان ریگای دامەزراندنی هەرەوەز‌کاری بایجە لە پرۆژەی «المثنی» و «التحریر» لە میسەن‌و هەلگورد لە سلیمانی وە پێشکفتی لەدهوك داوە ..

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

ئەم هەفتەیەمان کە لە ٢٧ی تشرینی‌یەکەم تا ٢ی تشرینی دووەم ئەگریتەوەو ریکەوتی ٥ تا ١١ی گەلاریزانی کوردی‌یەو هەروەها ریکەوتی ١ تا ٥ی‌شەووال ئەگریتەوە ئەم رووداوانەی تیادا قەوماوە :

رودداوی ئاینی :

٢٧ تشرینی یەکەم - جەژنی‌رەمەزانی پیروز -٣- رۆژە .

١٦ی تشرینی یەکەم شەری(حنین)ی تیاکرا .

رووداوی کوردی :

لە ٢٩ی تشرینی ١٩٣٠دا - شێخ مەحمود بۆجاری دووەم سۆرشی هەلگیرسان .

لە ٣٠ی تشرینی ١٩٧١دا - دکتور تاهیر مەریوانی کۆچی دوایی‌کرد .

لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٤دا - شێخ عبدالسلام بەرزانی لەسێدارە درا .

لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨دا - مامۆستا نجم لدین حاجی مەلا رەسول (ئاری) کۆچی‌دوایی‌کرد .

رووداوی عیراقی‌و عەرەبی :

لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢دا بۆ داواکردنی حوکمی ئۆتۆنۆمیێ بۆ عەرەب عزیز‌عەلی میسری کۆمەلی (عهد)ی دامەزراند .

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦دا بەکر سدقی کودیتا‌یەکی بەرپا کرد .

لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٥٤دا شۆرشی جەزایر دەستی پێ‌کرد .

لە ٢ی تشرینی دەومی ١٩١٧دا رۆژی بەلینە چەپەلەکەی (بەلفور)ە .

رووداوی جیهانی :

لە ٢٩ تشرینی ١٩٢٣دا - تورکیا بو بە کۆمار .

لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٥٠دا - نووسەری ئینگلیزی بەناوبانگ برناردشو کوچی دوای‌کرد .

لە ٢ی تشرینی دووەم رۆژی قوتابیانی جیهانە .

کورد و کوردستانە کرت بناسە

أبو عمرو هارانی - ضیاء الدین عثمان کوری عیسای هەزبانی -

یەکێکە لەمەلا بەناوبانگەکانی‌مەزهەبی شافعی ، لەگوندی - ماران -ی نزیك موسل لەدایك‌بووەو بۆ خوێندن چۆتە موسل‌و هەولێر لەوێشەوە بەرەو شام‌و قاهیرە چووە لەوکاتەدا - صدر الدین‌ابو القاسم -ی برای قاضی القضاتی میسر بوە لەمیسر بەدوو بەرگ کتێب شەرحی لەسەر کتیبی فقهی - اللمع -ی شیرازی نووسیوەتەوە پاش ئەوە دەربارەی فقهی شافعی‌دەستی کردووە بە لێکدانەوە لەکتیبی - مهذب- تا ٢٠ بەرگ لێکی داوەتەوەو لەسەری نوسیوە بەلام پەنجەی مەرگ‌وازی لێ‌نەهێناوە لەسالی ٦٠٢ لەقاهیرە کۆچی دوایی کرد بێ‌ئەوەی بتوانی لەسەر ئەو

لاوێکی ئەمری «زویا»

لە زەمانی ئەوکەسانەوە‌ئاودامان ئەم کارەساتەیان بەچاوی خۆیان دیوە ..
ئەم‌راستیە باس‌ئەکەین «براڤدا» ١٩٤٢

هەردوو دەستیان لەپشتەوە‌شەتەك دابو .. لەشەشەکەتەکەی بەزۆر کیش‌ئەکردو هەردوو قاچیشی بە ئازارەوە‌بەدوای‌خۆی‌داراکێشا(شورای) برای کەمندالیکی فیل‌بازو شەڕانی‌و عەجول‌بو پێش تەواوبونی شەر بەمانگێك لەمەیدانی شەریکی قارەمانانەدا سالی ١٩٤٥ کوژرا .. باوکی پیش جەنگی یەکەم بەماوەیەك توشی نەخۆشی بوو مرد.. دەستە خوشکانی قوتابخانەو گەرەکەکەیان هەرماون ... دایکی کەمامۆستای قوتابخانەبو .. تائەمرۆ کەسالی ١٩٧٣یە ماوە زویار باوکیشی وەك دایکی مامۆستابوو خۆشی پۆلی نۆهەمی قوتابخانەی تەواوکردبو هەرچەندە بێ‌بەشی زیرەکی‌و وریای نەبو بەلام لەگەلێ‌کرداردا نەئەچووە سەربراکەی ..

براکەی‌زویا .. کەلەمەیدان داکوژرا نازناوی پالەوانی یەکیەتی سوڤیاتی پێ‌بەخشرا.. جاپیش ئەوەی بکوژیت ئەوەی رۆژیك لەدایکی پرسی .. دایە نازانیت بۆچی (زویا)ی خوشکم نازناوی (تانیا)ی بۆخۆی هەلبژارد ، (تانیانا سولوموخا)ت لەبیرنایەت (ئەم‌کتێبە زویا لەتەمەنی چواردەسالیدا.. خویندبویەوە) پاش تۆزی دایکی کەبیری کەوتەوە (ئەوژنەی مامۆستابو لەدێیەك خۆی بەخت کرد لەپیناوی دروست‌بونی دەسەلاتی (سوڤیەت) داوکاتی کوژرانی بەدوژمنەکانی گەلی سوڤیەتی ئەوت (ئیوە ئەتوانن من‌بکوژن بەلام « سوڤیەتات » ماوەو هەرئەشمێنی) پاش ئەوەی دایکی شورا فرمێسکەکانی چاوی‌سری ئاوریکی لەکورەکەی دایەوەو دەنگی‌نەکرد ..

زویا .. لە٢١ی حزیران‌دابو دوا ئاهەنگی دەرچوانی دواپۆلی قوتابخانەکەیان لە (مۆسکو) بەدلێکی خۆش‌و بەوپەری ریکوپێکیەوە گەرایەوە بۆمالەوە بیری لەو بەهەشتی ژیانە ئەکردەوە کەسوڤیات دەرگاکانی بۆخستبونە سەرپشت .. کەچی ئەورۆژە دوارۆژی چونە قوتابخانەی (زویا) بوو تائەمرۆ ..

(زویا)تەمەنی هەرپانزەوشانزە سال ئەبو کەسالی ١٩٤١ کە تیکەلی ریکخراوی (کومسول) بو .. بەلام کەشەری نێوانی سوڤیەت‌و ئەلەمانە هیتلەریەکان رۆژی ٢١و ٢٢ حوزیرانی ئەوسالە دەستی پێ‌کرد .. (زۆیا) لەگەل دایکیا جلی سەربازە سوڤیەتەکانی ئەدروو .. ئالەگەل براکەی‌دا خۆی ئەیانده (کارگەیەك)و دەستی‌کرد بەئیش‌کردن .. پاش‌ماوەیەك خۆ ماندوکردن‌و تەقەللادان داوای ئەکرد بچێتە مەیدانی شەرەوە .. هیندەی نەخایان خواستەکەی هاتەدی وچۆە ریزی شەرەوەو نیررا بۆ دارستانەکانی دەوروبەری شاری (مۆسکو) ..

(زویا) لەلایەن کومسومولە چەك بەشانەکانی هاوریانی‌یەوە کەبەپەرشوت لەپشت لەشکری (هیتلەری)ەکانەوە نیشتبونەوە

بیستون بەدەستکاریەوە - لە عەرەبیەوە کردویە بەکوردی

.. هەرپیویستیەکی بەسەردا ئەدرا .. کورج‌و کۆلانە جێ‌بەجێی ئەکرد توانی پەیوەندیەکانی بەینی دوژمنەکانی بپچرێنێ‌و رێ‌وباتەکانیش هەموی هەلتەکێنی‌و خراپیان بکات .. لەگەل ئەمانەشدا ئەلێ ئاگاداری بەکەلکیشی ئەهینایەوە بۆ (استخباراتەکەی خۆیان - هیندەی پێ‌نەچوو رێ‌درا هەرکەس بیەوی‌ماوەیەك بحەویتەوە .. بەلام (زویا خیرا بۆئەوەی ئەم پشووە وەرنەگریت بەلینیکی دەست گیربو .. تا ماوەیەکی تریش بمێنیتەوەو نەروات . هەرئەو رۆژەش بۆ شەوێ دوای ئەوەی کەبریاردرا چەند رۆژیکی‌تر بمێنیتەوە چوە سەردێی (بیتریشیفو) کەئەلەمانیەکان بەهیزیکی گەورەی عەسکەریەوە لەوێ‌بوو .. تاریکو لیل لەگەل شەبەقدا مستەودەعی زەخیرەی عەسکەری ئەلەمانە (هیتلەریە)کان ئاگری تێ‌بەربوو تەلی تەلەفونی ئەو ناوەبچرا ..

ئەو رۆژە بەم رەنگە ئەواوبو .. بەلام (زۆیا) دلی بەوە ئاوی نەخواردەوە وازی لەدوژمنەکانی نەهیناو .. هەر لەگەل تاریکی ئیوارەی لێ داهاتەوە ملی ریگای گرت‌و بەرەودێ سەرکەوتەوە تا مستەودەعیکی تری دوژمن بسوتینی‌و چی‌ی پێ کرا بیکات .. ئالەوکاتەدا .. کەدەنکە شقارتەکە لێ‌ئەدات‌و گرهەلبستێنی .. سەربازێکی پاسەوان پێ‌ی‌زانی‌و (زویا) یان‌گرت ئەلەمانەکان داوای رێ‌وشوینی هاوریکانیان لە (زویا) ئەکرد بەلام ئەوانەی کەلەوێ وەستابون‌و بەچاوی خۆیان ئەیان بینی ئەم فاشستانەچی ئەکەن .. سەریان سورمابو لەوەی (کچۆلە) یەکی وەك (زویا) چۆن ئەتوانیت‌خۆی رابگریت بەرامبەر بەم هەموو سزاو ئەشکنجەیە .. بەوپەری دەلرەقیەوە .. لەژێر سزادا بەرگەکانیان شیتاك شیتاك‌کردو ئاگرە جگەرە داگیرساوەکانیان ئەچزان بەگۆشتە روتەکەی‌داو زۆریان لێ‌ئەکرد بەپێی‌روتی بەسەر بەفرەکەدا بروات بەلام زویادانی بەخۆی داگرت‌و رێ‌وشوینی چەك بەشانەکان‌و ناوەراستەقینەکەی خۆشی پێ نەوتن .. لەو هەموو پرسیارانەی (مقدم ریو ویدی)ی محققی ئەلەمانەکان هەلی رشت تەنیا وەلامی پرسیاریکی دایەوە .. ئەویش‌ئەوە بولە (زویا)ی پرسی .

ئیوە ئامانجتان چیە ..؟

زویا ..زۆر بەسەربەرزیەوە لەناوبردنی ئیوە .

بەلام کاتێک لەپەتی سبیدارەکە نزیك بووەوە ئاوریکی لەدوژمنەکانی دایەوەو وتی -ئیستا ئیوە من ئەخنکێنن .. بەلام خۆ من هەربەتەنیا نیم .. ژمارەمان دووسەد ملیونە .. سەرکەوتنیش بەشی ئیمەیە .. ئنجا زۆر لەسەرخۆ روی لەدوژمنەکانی وەرگیراو پەتەکەی کردەملی‌و .. دوایی تۆزیك ترازاندی‌و هاواری کرد (خواتان لەگەل هاوری‌یان .. تێ‌بکۆشن .. مەترسن بەدەنگێکی بەرز .

دانیشتوانی دێیەکەش کەلەوێ وەستابون چاویان بریەزەوی‌و لەدلدا ئەگریان بو ئەم کچە قارەمانەی سالی ١٩٤٣ .

چی پێویستە

مەجید ندیم

عراق .. یەکێکە لەودەولەتانەی بەکشتوکال ناوبانگی دەرکردوە .. بەزۆری ئەم کشتوکالەش کەوتۆتە ناوچەکانی کوردستانەوە ... هەرچەندە لەم دواییەدا تەقەللای گەلی بەنرخ‌و دلسۆزانە درا بۆ ئەوەی بارەی پیشەسازی ولات پێش بخرێت ، بەلام هێشتا ولاتەکەمان ولاتیکی کشتوکالی زیاترە وەك لەپیشەسازی .. کەچی لەگەل ئەوەشدا ئەبینین دانیشتوانی لادێکانمان رۆژ بەرۆژ دیهاتەکانیان بەجێ ئەهێلن‌و رووئەکەنە (شارەکان) .. ئەم کارەش وەنەبێت شتێکی باش‌بێت وتائیستا چارە سەریکی بنەرەتی بۆکرابێ‌و دانربێت .لیرەدا من بەهیچ رەنگی سەرزەنشتی لادێییەکان ناکەم .. کەدیهات‌و زەوی‌وزارو .. میوەو مەرومالات‌وازلێ‌ئەهینن‌و ئەبن بەئەرکیکی گران بەسەرشارەکانەوە چلەوروەوە کەکشتوکال ناکەن‌و رێ‌و شوینی کاری خەلکی شارەکان ئەگرن‌و ئەبنە هۆی بەرز بونەوەی پلەی‌ئابوری‌و خانوو پیویستی لەشارەکاندا .. بەلکو ئەم‌کارە هەر لەخۆیەوە دروست نەبووە نابێت ئەگەر ئەوهۆزە نەبێت جوتیاریك پال پێوەبنێت دورکەویتە وە لەوکارەی .. لەوزەوی‌و زارەی لەباوو باپیریوە بوی‌بەجێ ماوەدیزە بێ‌مەلامەت نیە ئەم‌ئیشە. جوتیارەکانی ولاتی ئیمە .. کوردەکەی لەهەردوو جەژنن لەلایەك دیهاتی خۆیان بەجێ‌ئەهیلین‌و پشت‌ئەکەنە کشتوکال‌و لەلایەك شارەکانیش ئەو کارگانەو ئەو هەرزانیەی تیدانیە کەجیگای ئەزانی بەئاسانی تیدا بێتەوە لەگەل ئەوەی ئەبێتە ئەرك بەسەرشانی شارەکانەوەو باریان گرانترئەکات .. زیانیکی گەورەی تریش دروست ئەبێ کەکەم کردنەوەی کشتوکالە وەك وتمان گەلێ هەنگاو لەبارەی پیشەسازبەوە نراوەو ئەنرێت بەلام وادیارە کەئەم شتانەی پەسەندن‌و جێگای بایەخ پیدانن هیشاندیان توانیوە چارەسەری ئەم کەموکوریە بکەن .. ئەمە کەوابو راکیشانی جادەو .. کردنەوەی خەستەخانەو قوتابخانە لەدیهاتەکاندا مانای چارەسەرکردنی بنەرەتی گیرو گرفتی جوتیاران‌و کشتوکال نین .. ئەگەر ولات .. شارەکان ... کارگەی (گران)ی پیشەسازی تیدا نەبێت وپێویستیەکانی جوتیار .. لەتراکتورو دەراسەو .. دەرنەهێنی لەگەل ئەوشتە پیویستیانەی ئەبنە هۆی پیشکەوتن‌و پەرەپیدان‌و بەختیار کردنی جوتیارو کشتوکال لەدیهاتەکاندا .. لەکاتێکدا ئەگەر ئەم کارگانە پلەیان سەرەتایی بوو نەیتوانی داخوازیەکانی‌کشتوکال بهێنیتەدی بۆ ئەوەی زەرەر لەنیوەی بگەریتەوە ئەتوانیت لەدەرەوەی‌ولات بیانهێنی‌و دیەخیش بدات بەو بەرهەمەی کەپێ ئەکات‌و دابەش‌کردنی بەگویرەی پیویست‌و توانا .. پێشینانی‌کورد ئەلێن . مەل بەبالێك نافڕیت .. دیارە جوتیار چەند‌ئامادە وهەبێت لەزەوی‌و زاردا کشتوکال بکریت ئەم‌ئاوردانەوە پیرۆزانە نەبێت‌دیارە بەرهەم چاك نابێت وەبگرەهیرشی لادێکان شارەکان زۆرتر ئەبێت وەژیانیش ناخۆش‌و گرانتر ئەبیت .

بۆستەی خوێنەران

● **کاك قوباد صابر - بەهرەوەر :**

داخەکەم هەلبەستەکەت لەگەل رێرەوی ئیستای هاوکاری‌دا ریك ناکەویت بەلام ئەوەش‌بزانە بەرهەمەکەت پوخت‌و خۆمالی بوو . ئەگەر کلپەی ناوەرۆکەکەی شان بەشانی شیوەو کێشەکەی بوایەو لەگەل رەوتی روژگاریشا ئەوەندە تورە نەبوایە ، وەکو زێری شاریاوە سەرنگون نەئەبو ! باجاری پشتیوانی براعەرە بە تیکۆشەرەکانمان بکەین دژی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم .

● **لەکاك بشارەت جەمال مختار لەسلیمانیەوە : نوسراوێکیان بۆ هاتووە ئەلێت :**

زۆر جار لەکاتی هەلبژاردنی چیرۆکیکی شانۆییدا ئەگەرێین بەدوای چیرۆکیکدا کە دەوری ئافرەتی تیادا نەبێ، جگە لەمەش هەندێ جارچیرۆك نووسان کە ئەیانەوێ چیرۆکیکی شانۆیی بنوسن بیر لەوە ئەکەنەوە کە هەول بدەن لەو چیرۆکەدا دەوری ئافرەتی تیادا نەبێ بە بیانوی ئەوەی ئافرەتی کورد نایەتە سەر شانۆ ! وە ئەگەر چیرۆکەکە دەوری ئافرەتی تیادا بێ ئەوا کورێك دەوری ئافرەتەکە ئەبینێ .

کاك بشارەت ئەلی :- بەلای منەوە بوونی ئەم کەلێنە لەژیان‌و چالاکی شانۆ گەری کوردی‌دا چەند هۆیەکی دوورو نزیکی هەیە . بەر لەهەمو شتێ وەکو من تێ‌ی بگەم ئەم دوورە پەرێز وەستانەی ئافرەت ئەگەرێتەوە بۆ باری سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەلایەتی کۆمەلەکەمان ، لەلای ئیمە بەداخەوە وا دائەنرێ کە گوایە چونی ئافرەت بۆ سەر شانۆو تێکەل بونی لەگەل پیاوا دانای جۆرە رەووشت نزمی یەکە،

بڕوانە ل ٧

پاشماوەی : چینە ئاینیەکانی یەزیدی

وە ئەو وتەو ئامۆژگاریە ئاینیانە کە وا لە دەرونیانا لە فەوتان بیان پاریزن . وە لەم رووەوە وتویە :

ئیمە هەموو وتەو داوایەکی ئاینی یەزیدیەکان بلاو ئەکەینەوە بۆ ئەوەی خوێنەران بزانن ئایا یەزیدیەکان باوەریان بە تاکو تەنیایی خوا هەیە یا خود - نووسەر - ئەم حەقیقەتەی بە ئانقەست شاردۆتەوە .

ئاینەکەمان بە دریژایی رۆژگار نالاندویە چونکە ئاینەفەکان داوا و ریبازگەی ئاینەکەیان لەدەرونی خۆیانا شاردۆتەوە .

٣ - پێش ئیمام : ئەبێ لەبنەمالەی شیخ حسن بێ، کە لقیکی رەسەنی - ئادانی‌یەکانە . لە پلەی ئاینی‌دا لە دوای ئەمیرو بابا شیخەوە، **ئەرکەکانی ئەو ماره‌برین‌و** پارێزگاری کردنی -پاراستنی- کتیب‌و نووسراوە ئاینیەکانە، ئەم بنەمالەیە بە دوو ئەرکی ئاینی داپۆشراوە :

١ - کاروباری ئاینی .

٢ - کۆکردنەوەی ئابونەو دەرامەت . پێش ئیمام لەگەل طاوس ئەبێ لە کاتی بەسەر کردنەوەی یەزیدیەکانا .

٤- فقیر : مانای خواناسیکی بێ گەردە ، ئاینی یەزیدیەکان ئەمەیان بە بنکەو نمونەی بەزەیی داناوە ، هەر یەزیدی یەك ئەگەر خۆی بۆ خواناسی‌و کاروباری ئاینی تەرخان بکات ئەتوانێ ئەم پلەیە وەربگرێ ، وە ئەمەش لەسەر بریاری ئەمیرو بابا شیخ‌و پێش ئیمام‌و سەروکی فقیرەکان ئەبێ . وە ئەمە بە میرات بۆکەس نایەت . ئەمیر ئەتوانێ ئەم پلە ئاینییە لە فقیر بسێنێتەوە ئەگەر پێچەوانەی فەرمانە ئاینی‌یەکان بجوولێتەوە . زوربەی فقیرەکان لە مریدەکان پیك دێن، ژن‌و ژنخواز لە نێوان فقیرو مریدا ئەبێت ئەگەر ئەو فقیرە مریدی هەبو . وە سەرۆکی ئیستای فقیرەکان - مەزنی فقیرا - لە قەزای - سنجار - دائەنیشێ .

٥ - قوال : لە مناسەباتە ئاینیەکانا سرودی ئاینی ئەخوێنێ بە تایبەتی لە کاتی ناشتننی مردووەکانا ، ئەمانە شارەزای ئاین‌و نهێنیەکانی ئاینن . لە پیاوە ئاینیەکانی تر کەمتر نین .. وەکو - زێوان- خزمەتی لالش ئەکەن‌و پاك‌و خاوێنی ئەکەنەوە ،یەزیدیەکان یارمەتیان ئەدەن . سەرۆکی ئیستای قوالەکان - مەزنی قوالە - قوال سلیمان کوری قوال شفو لە دیێ - بحزانی - دائەنیشێ‌و ئامۆژگاری‌قوالەکان ئەکات وە لە سالی ١٩٧٢زاینی چووە بۆ سەردانی یەزیدیەکانی ئەرمینیای سوڤیێتی .

٦ - کوچك : ئەمە دوارۆژ لێك ئەداتەوە .. گوایە ئەتوانێ بەهێزی گیان‌و دەرونی خۆی دوارۆژی مردووەکان لێك بداتەوە ، چارەی نەخۆشەکان بدۆزێتەوە کوچکەکان یەکسەر بە باباشخیەوە بەندن باباشیخ ئەم سیفەتە دینی‌یەیان پێ خەلات ئەکات ئەویش دوای ئەوە کە لێ‌یان دلنیا ئەبێ لەتوانایانا هەیە بتوانن ئەرك‌و فرمانی کوچك بەرێوە بەرن . ئەمانەش ئەرکەکانی سەرشانی کوچکن :

١ - بلاو کردنەوەی ئاین

٢ - خزمەت کردنی مەرقەدە ئاینیەکان‌و ناو بژی کردن لە نیوان تایەفەکانا ، بە پێی ئاینی کچك لە دزگای چاکەو خراپە «خێرو شەر» دا وەستاوە ئەگەر یەکێك لەمانە سەرپێچی لە ئەرکەکانی سەرشانی بکا ئەوا باباشیخ هەموو سیفەتێکی ئاینی لێ ئەسێنێتەوە .

١ - ئابونە بەو یارمەتی‌و پولە ئەلێن کە مریدەکان ئەیدەن بە شیخ‌و پیر وە **مریدەکان سنود بۆ جۆری ئەم ئابونەیە دائەنێن .**

Institut kurde de paris

هاجەرێ

ئەڤە پارچەشێعرەکە مەلائەحمەدێ نالبەند یاگوتی لنك خو بئێکێ دبێژنێ هاجەرێ ، وەصفا تێداگەلەك جانە دێ نڤیسین داهەمی بخوینن ، قەمی دزانن حنێراڤی شاعری چەندە .

ئەزنزانم بوجەمالاتە چبێژم هاجەرێ
سورگولا وەختێ سەحەر حیناڤ قەسرێ تێی دەرێ
وەك ژقەسرێ تێیەبانی
سورگولی یان ڕەش ڕحانی
فەخرائەهلێ ڤیزەمانی
کەسکو سورو ئەسمەرێ
× ×
کەسکو سورو شینوئالێ
نازکو شوخو شەپالێ
دڕو یاقوتو لوئالێ
مسکوعودو عەنبەرێ
× ×
عەنبەرو مسکو گولاڤێ
نێرگزا لاتا بخوناڤێ
ڕەش ڕحانا نازەنینی
دوبیو توزو باگەرێ
× ×
ڕەش ڕحانا نازەنینی
شەکروشیرو هنگڤینی
وەیعەجەب چەنداشرینی
پادشاهو بەگلەرێ
× ×
وەیعەجەب چەنداشرینی
ڕوژیڕەنگێ گەرمەسویڤی
وەیعەجەب چەنداخەعیڤی
وەصفی ناهێن دەفتەرێ
× ×
وەصفی ناهێن بەرحسابێ
شیشەئێ کەئسێ شەرابێ
شەربەتو گوشتو کەبابێ
جوملەنورو جەهوەرێ
× ×
شەربەتا مەجروحو بالا
وەی بهارا لناف هەڤالا
دێمیرە ژ نیشانوخالا
ڕویشرینێ شەکرێ
× ×
دێمدوڕێ خو سوروزەرکە
لبسێ تەزیینێ لبەرکە
مەرحەمەتکێ لمن نەظەرکە
بومە مەیتێ لمەحشەرێ
× ×
بومە مەیتێ لعەرەساتێ
بەس بکە زولمو خەباتێ
کەتیمە حالێ وەفاتێ
بزەربێ شیرو خەنجەرێ
× ×
زەربێ شیرا ئەزتە کوشتم
بقەهرو کوڤانا درشتم
مالنكتە ئەزچتشتم
تومن نابەی مەحضەرێ
× ×
ئو مەنابەی بوحضورێ
کەسکو شینو ئالوسورێ
مەجلسا کەیفو سرورێ
ئاڤا حەودا کەوسەرێ
× ×
مەجلسا کەیفا بچیکا
زینەتا دکانو سویکا
کاربکە ئەشبهی بویکا
نازکێ تولێ تەڕێ
× ×
نازکێ جانێ دەلالێ
قورمزی یو کەسکوئالێ
شوعلەدا بانێ حەوالێ
قودیا لبەر پەنجەرێ
× ×
قودیا لبەر صەندەلیا
لائقاحوبا وەلیا
مەفخەرا ڕوتبا عەلیا
واعظا لسەر منبەرێ
× ×
واعظا جەمعا حەبیبا
وانفەقیرو بێ نەصیبا
ئوئەنیسا مە غەریبا
نەخشی فەرشێ مەرمەرێ
× ×
نەخشی فەراشا بهارا
سوسنا مێرگێت نزارا
خەملاباغو دارو بارا
وەی عەزیزێ سەروەرێ
× ×
وەیعەزیزێ ئەز خولامێ
شەکرا مصرو هندو شامێ

بروانە ل ٧

ڤێ ژی بخوینە

ڤێجارێ دێهندەك قەدا ژنڤیسینا یوسفی وەرگێڕمە کوردی ئەوا لسەرئەزمانێ وی هاتی ئو هاتیەنڤیسین دگوڤارا ڕوژا کوردستانێدا ، هیڤیدکەم ئەڤوەرگێڕانە درست بهێت ، دگەل ڤێچەندێ کو نڤیسینامن بکرمانجی یابێچارەیە کێمو کاسی یێت لێ بلا لمن ببوریت .

هەیڤا خزیرانێ ددلێ مەدا جهێ خوێ هەی ، چنکی دڤێ هەیڤێ دا گەلەك ڕوی دانێت خوشو نەخوش یێت لێ پەیدا بوین .

● لڕوژا (١)ێ حزیرانێ لسالا (١٩٧٢)ێ بڕیڕا تەئمیما گازێ هاتەدان .

● ڕوژا (٥)ێ ژوێ هەیڤێ سالا (١٩٦٧)ێ جوهیا هیرش برەسەر عەردێ عەرەبی ئو هندەكژێ داگیرکر .

● ڕوژا (٩)ێ ژوێ هەیڤێ سالا (١٩٦٣)ێ ، ئو (١٩)ێ سالا (١٩٤٧)ێ ئو (٣٠)ێ سالا (١٩٢٥)ێ ، لسولەیمانیێ ئولبەغدا ئو لدیاربەکرێ شەهیدا بخوینا خو گازی مللەتی کر .

● ڕوژا (١٥)ێ هەر ژوێ هەیڤێ بیرهاتنا ڕوژا ڕوژنامەگەریا عیراقێ کوژمارا ئێکێ دەرچوی ژڕوژناما (الزوراء) .

● ڕوژ (٣٠)ێ ژ خزیرانێ سالا (١٩٢٠)ێ دەستپێکرنا شوڕشا سالا (١٩٢٠)ێ دژی ئیستعمارا ئنگلیزی .

سالەك بوری لسەر خوڕاگرتنا مللەتێ عیراقێدا بکوردو عەرەب ڤە دگەل هەمی (تائوپرتێت مللەتی) دگەل پارتێت نیشتمانی ، دگەل کاربەدەستێت نیشتمان پەروەر ، خوکرە ئێك ، خوگەهاندە ئێك ، دویرکەفتن ئو نەپێکهاتنو شەڕەنیج هێلانە لدویر ، دوبەرکی ئو جوداهی دناف خودا ڕاکر بەرێ هەمیا ما لئێکاتیێ ، خوبەرهەڤکر بەرامبەر کەڤنەپەرستا ئو ڕاوەستان بەرامبەر کومپانیێت گازێ ئویێ لپشتوان کوگەرماتییێ ددەنێ .

هەر ژ ڕوژێت بەرێ حەتا تیرمەها (١٩٥٨)ێ مللەتێ عیراقێ یێ قورچا لگەویاخود دەت یێ نەخوشیادا دعیریت ، حەتا گەهشتیە وێڕوژێ کو بشێت دەنگێ خو بلندکەت ئوبسەربێخیت ، دا ژیارا خو ... نانێ خو .. ژ دوژمنی بستینیت ، حەتا شیای ئەو بخوحوکمی لخوبکەت ، پیلانگێڕا دگەلوان کومپانیا بهەڕشینیت ، ئوبرەنیت .

ژوێڕوژی وەرە حکومەتێ زەندو باسکێت خو هەلدان ئوژ دلدەست پێکر ئو ڕاوەستا لبەرامبەر کومپانیێت گازێ مللەتێ عیراقێ بێ ترس دەست بئا خفتنێ کر دگەل کومپانیا !

بتوندی دژی وان ڕاوەستا چنکی مللەت هەمی ئێکبو ، دەستەك بو ، کومپانیێت گازێ دەست بحیلەوچەپو چیراکر ، خو فەهێلا دبڕیارادا ، هزراوان ئەوبو کو ڕوژەك بهێت دابشێن دەمێ پێشی یێ بزڤرینەڤە ، سیاسەتکار بەدەستا هاتەگوهورین چو بولایێ کەڤنەپەرستیێ ، خو (لادا) ژڕاستی ئودرسیێ ، ڕێکا شوڕشگێڕیێ هێلا کەفتە هەڤبەریێ ، پرتێت مللەتی ڤێکرا بەردان دوبەرکی کەفتە ناف ڕیزێت مللەتی ، کومپانیا بخودەلیڤە دیت کو خوئاسێ کەت لمافێ مللەتی .

دگەل ڤێ چەندێ قانینا هەژمارا (٨٠ ێ) لسالا (١٩٦١)ێ دەرچو .

دڤیا هەمی تائوپرتێت مللەتی ژێکڤە نەبیان دگەل حکومەتێ خوکربانەئێك داشیابان ڕاوەستن لبەرچاڤێت ئیستعمارێ بەلێ سیاسەتا حکومەتێ چوبو بکارئینانا حوکمێ عەسکەری بتنێ ، دڤیا مللەتێ کورد مافێ خوبدرستاهی وەرگرتبا ژبوخاترا ئێکەتیا نەتەوایەییێ ، ئوبەرفرەهی بدەنە دوستدگەل دەڤەرێت عەرەبی ئو وانجها ئەوێت گاز لێدەردکەڤیت لەوخاسمە حکومەتێت ئیشتراکی ، بەلێ ئەڤە هەمی بجو نەهاتن ، حکومەتا عەسکەری دەست بشەڕێ کر دگەل مللەتێ کورد ، شوڕشا ١٧ێ تیرمەهێ هاتەجهێ کاربەدەستیێ ڕێکا چەپەلییێ هێلا ، بسەروکاتیا پارتا (بەعسائیشتراکی) دیماهی دانا بوشەرێبرا ، مللەتێ کورد ژ گرفتارییێ دەرکەفت عیراقێ خوبەرهەڤکر بو شەڕێ ئیستعماری ، چوبوڕێکا ئازادی ئودیمقراطییێ ژ بوخاترا کوملەتێ کورد بگەهیتە (حوکمێ زاتی) دناف سنورێ عیراقێدا ، دکولانا تێك گەهشتنێ ئو ئێکوود ئاخفتنێ ، دا بگەهنەئێك بسەروکاتیا پارتا دیمقراطا کوردستانی بسەروکاتیا بارزانی ، دیسان بهاریکاریا نیشتمان پەروەرێت مللەتی ئودوستو هەڤالا ، ئەڤەهەمی هاتنەمەحەکێ ئو پێکهاتنا ئاداری هاتەگوڕێ ، بەرێ شەنگستەی هاتەدانن بوپێکهاتنا بەرفرەهکو (جەبهانیشتمانی)یە ، ژ بوخاترا کوڕاوەستن هەمی تا ئو پرتێت مللەتی بتوندی ،

لەوخاسمە کوپشتی برادەرێت شیوعی ژی هاتینە هندەك جهێت کاربەدەستیێ ئو قەمی ، دا هەرێك باهرا خوهەلگریت ژ بارێ گران هەروەسا پێکهاتنا درستدگەل ئێکەتیاسوڤیتی ئو هەمی بازێرێت ئیشتراکی ، بێ پسیار ژ کومپانیێت گازێ وەکی دەمێ بەرێ مللەتێ عیراقێ پێخو داناسەر بناغەکێ موکوم بێترس ڕاوەستا بەرامبەر پیلانگێڕا ئوکومپانیێت گازێ .

کومپانیا چاف ما لڕوژەکێ کوبهێت دا یا ژدەستچوی بزڤڕیتەڤە ، ئەوان گازکیم ئینادەرێ خو سستکر لدەرکرنا گازێ دا بهراعیراقێ ژگازێ کێم ببیت .. دانەشێت ژیارەکا بەرفرەهبەت ، دا ئاڤاکرن بپاش بکەڤیت ژ بوکوگزندا مللەتی زێدەببیت ، دابکەڤیتە گرفتاریا ژیارێ .

هندی دهێتە بیرامن دهێتە سەرهزرا من لسالێت (٤٠)ێ لخزیرانا سالا (١٩٤١)ێ وی دەمێ هێژمن دخاند ، هاڤینێ منقەستا جهێ ئەز لێبویم کو بامەرنێیە ، کر ئەزدرێکا خودا ژبەغدا چەمەکە رکیکێ من ڕوناهیا ئاگرێ گازێ دیت ، من شیعرەك ڤەهاند هندەك بەتیا دێژێ بێژم لبنڤێ (شەوقا ڕوناهیا ئاگری) « دبیت ئەڤ وەرگێڕانە بڤێ ناڤی ئوبەیتێت شیعرێ نەکەڤتە بەرێك بکوردی ژبەرکو ئەڤ شیعرەمن دیتیە .. هەکە نەوەکو یادرست بیت هیڤیدکەم یوسفی لمن ببوریت .. ئەز ژی لدویف زانینا خو دێ بکوردی نڤیسم »
ع. ن.

ئەزگەلەکێ بڤێ شێعرێ شاهیمە چنکی دبیت ئەڤە یائێکێیە دناف جەرگێ شاعرەکێ کوردێ عیراقێ ئولسەر ئەزمانێ وی دهێتە ڤەهاندن .

لوی دەمی ئەزێ حەسیام کو ئیستعمار یێ جهێ مە تالانو وێران دکەت .. ئەڤ شیعرە ئەڤەیە ئانکو ڤێ مەعنایێ ددەت :

لوێرێ ئولوێرا هەجوکێت ئاڤازێڕی یێت زێن .

تێنەخارێ بێی ڕاوەستان بیانییێت خێرو خوشیادا

بەلێ باهێ زەحمەتێ خودانێت براستنا یابویە ئێشو نەزانینو براندن .

ڕابن ئەیگەلێ برا ژخەوا گران .

مللەتێت تەنگاڤیێدا ، خوێناخوێت ڕێژیت ، دزا یابسەردا گرتی هەوە ئاگەهـ ژ خوینە بەسە بێعاری ئو بندەستی .

دڤێت ئەم چاڤێت خولهەمی خەلتیا ئو نەپێکهاتنا بنڤینین ، یاژهەمیا فەرتر ئێکەتیا مللەتیە ، خوبکەینە دەستەك دژی کومپانیێت گازێت خوینمێژ ، ئەوێ خەباتێ دکەن دامە بزڤڕیننەڤە ڕوژێت بەرێ .

هەڤرکینیامە دگەلوان یادرێژە .. لهەمی جهێت دونیایێ ئالوزی یێ بەرەو دیماهی تێن ، بەلێ لدەڤەرا مە هەریامای ، چنکی کەڤنەپەرستو صەهیونی ئوئیمپریالیزم نێ ڕاوەستن ژمە ناگەڕن ، دڤێت ئەم دهشیاربین ، دبەرهەڤبین هەمی کونا لێ بگرین ، دەرزێت کەتینە بەیانا ئاداری دڤێت (پێکڤەبرسینین) لەحیمکەین ئەم هەمی کاریکربین بوپێکهاتنا حوکمێ زاتی بوکوردستانا عیراقێ دناف سنورێ عیراقیدا ئوبزاڤێ بکەین بو (الجبهة الوطنیة) ئێکەتیانیشتمانی ، ئوبدوستایەتی دگەل دەڤەرێت عەرەبی ، ئو هەمی هەڤالو هەڤگورا ، حەتا دگەهینە دیماهیکێ دابشێین گازاخو بخو بکاربینین بکەینە چەك شەرێ دوژمنی پێ بکەین . نەکو بدەینە دەستێ دوژمنی داشەڕێ مە پێ بکەت .

ژمێژووا کەڤن

عبدالله محمد

وەسادهێتە ڤەگێڕان کو ئەوجهێ دبندەستێ سلطان حوسەینێ وەلیڤە بەرفرەهبو حەتا میسل کەتیەبن حوکمێ وی ئوما ددەستا دا چارسالا دبێژن حوکمێ لهەبلێری ژێکری دسالا (٩٤١)ێ هجری ، وی برایێت خو هنارتنە دەڤەرا ژوان جهێت کەتینە بندەستی هەرێك کرە حاکمێ جهەکی ، ئێكدانێ زاخو ئوئێك کرە حاکم لدهوکێ ئویێ دی نئاگرێ ، ئوئێکێدی لوەلاتێ شخوێ ئونێروە .

قاسم بەگ دانا زاخو ، مرادخان بەگ لدهوکێ ، سلێمان بەگ لئاکرە ، لوەلاتێ شخوێ ئولکەلائەرزێ میرازا مەحەمەد بەگ ، ئوخان ئەحمە بەگ دانانێروە .

حوکمێ سلطان حوسەینێ گێشا (٤٠) سالا ، مرلسالا (٩٨٤)ێ هجری ، (٥) کور لدویف خوهێلان .

قبادبەگ . بایرام بەگ . رستم بەگ . خان ئیسماعیل بەگ . سلطان ابوسعید .

دێبەحسێ حوکمێ ئێکێ ژوان کەین کو قبادبەگ ... لسالا (٩٨٤)ێ هجری هاتەجهێ میرا لسەر ئامێدیێ ، لدەمێ حوکمێ سلطان سلیم خانێ دووێ سلطانێ عوسمانلیا ...

قبادبەگ بچیکتربو ژ برایێ خو بایرام بەگێ ، بەلێ ژ نك سلطانێ عوسمانلی قبادبەگ هاتە داخازکرن کو لجهێ بابێ خو حوکمی بکەت چنکی دەیکاوی (نائلە خاتون) دودماما بابێ وی بو .

قبادبەگ مرڤەکێ ڕەحەتبو یێ دلساخو پاکبو ، دگەل دل نازکییێ ، هەر (٥) نڤێژدەمێ واندا دکرن بێ ڤەهێلان .

گەلەك نێچیرڤانەکێ چاکبو ، ئو دڤیا ئەدیبو شاعیرا لدور خو خڕکەت ، بونیشان حەمەکورێ دیارێ بناڤودەنگ نێزیکی خوکر .

دگەل وێ هندێژی دگێڕانا حوکمی دا یێ بێچارەبو ، گەلەك جارا شولابچیك مەزن تێدگەهشت ئو دا بەرفرەهکەت حەتا سەردکێشە کوشتنێ ، ئو یامەزن وەسا تێنەدگەهشت بچوڤە نەدگرت حەتا زیانەکا مەزن سەرا ڕوی دا .

باهراپتر ژمللەتی ئو عەشیرەتا خوژێ بدویر ئێخستن ئو نەهاتنەنك ، هەمیا ڤیا برایێ وی بایرام بەگێ داننە شویناوی ، چنکی یێ بکێرهاتی تربو ژ قبادبەگێ ...

بایرام بەگ ڕازیکر کو ئەو بیت لشوینا برایێ خو قبادبەگێ بەلێ بایرام بەگێ چو ڕێك نەدیتن بوڤێچەندێ چنکی (دەرگەهێ بلندێ مرادا) ئانکو سلطانێ دینێ ئیسلامێ فەرمان دابو قبادبەگێ کو ئەو بیت میر .

دوی دەمێدا بایرام بەگ حاکم بو لئاکرە ، قبادبەگێ هنارتەدویف کو بهێتە ئامێدیێ ، دەما جابابرایێ ، وی گەهشتییێ گەلەك ترسا ... هند گەهشت ئاکرە هێلا ئو چو قەستا شاهـ ئیسماعیلی کر لقەزوینێ بێهناوی لچو جهێتدێ نەهات . شاهـ ئیسماعیلی کەیفاخو پێ ئینا ئودانا نێزیکی خو .

دەماشاهـ ئیسماعیل مری برایێ وی هاتەجهی وی کوشاهـ مەحەمەدبو ، ستێرا بایرام بەگێ ژڕیا ڕوژێ وەرگەڕیا شاهـ مەحەمەدی بایرام بەگ کرە دگرتیخانێ ڤە بەرنەدا . عەشیرەتا (مزوریا) دبێهن تەنگ تربون ژعەشیرەتێت دی ئو ژێرێت مللەتی ، ڕابون سەرخو چون ئێك ژ کوڕمامێت وی ئینا کرە حاکم لجهێ قبادبەگێ دگوتێ سلێمان بەگ .

لسالا (٩٨٤)ێ هجری حوکمێ سلێمان بەگێ دەست پێکر ، بایرام بەگ مادگرتیخانێڤە لنك شاهـ مەحەمەدی حەتامیرێ کاریا زەینەل بەگێ بەڕەڤانی بوکری لنك شاهی شاهی بایرام بەگ بەردا ژ پێژ (٥٠٠٠) زێراڤە .

زەینەل بەگێ بایرام بەگو قبادبەگ پێك ئینان لکەلائامێدیێ ئوگوتە قوباد بەگێ نوبەیدەم بەگێ بکە حاکم لزاخو ، دانابەینا هەوەخوشتر لێبهێت .

هندیکە زەینەل بەگ بو مروڤەکێ (تێهەی) بو یێ بکێرهاتی ، ئاخفتنێت وێ درستبون دچێکری ، جهێ ڤەساخو هەبو چنکی میری هەکارەتێبو ، هەڤبەرێ میرێ بوطا ئوئامێدیێ ئێ سورانابو .

قبادبەگ مادگەل هەڤرکینیێ دگەل سلێمان بەگێ ئومزوریێ پاشی نەشیا خو ڕاگریت لبەروی قولپێ ئینارەڤیچو (ئاسیتانێ) فەرمانەك بخو ژوێرێ ئینا بومیرگەهـ ئامێدیێ . گەهشتە دهوکێ ئودەست بشەرێ دوژمنێت خوکر ، سلێمان بەگێ ڕێ لێگرت دگەل مزوریا بسەروکاتیا میر (مەلەکی) ئینا برایێ خوگرت ئوکوشت .

نڤیسینا : عبدی دهوکی
(یامای)

جنگی مەردە

عمر علی بادی

ئەزلدویف دەنگێ بگریڤە سەرکەتمە بێلایێ ، من دیت گوڕینا ڕوندکایە یێ ژچاڤا تێنەخار ، بکراسەکێ قرێژی ، بیست پاتەیێ لسەرکونو چیڤەلا داین ، دەرسوکەك پەڕتی نیڤا سەرێ وی یێژێ دەرکەتی ، بێ ، پێلاڤە ... بێی گورەیە هەرا ڕوندکا دادڕێریت ... من گوتێ : تەچیە !!! ژبەرچ دکەیە گری !!! دەستێ خو درێژکرە

ناف کوما بچیکا من دیت بچیکێت وێ «یارن دناف کومێدا ... دبێجلکن گەلەك ژوێ وێران ترن ... من زارنی کودبێ خودانن ... کاکەسو کارێت وان ... کە بابێ وان !!!

مریە ! بەرزەبویە ! هاتیەکوشتن !

بئاخینك ڤە گوت : دبێ خەیو خودانن ... بابێوان یێ گرتیە ... من گوتێ : سەراچیە !!!

دوورنجەوە ، بیپارێزە ، دەستی گوت : یێ بتنێیە دمالا خودا ... ئەم پشتی وی دەرێخستین ژگوندی ... ئەم بکولانا کەتین دبێ جهـ ... دبێ خانی ... دبێ مەوطەن ... من زانی ژ بەرچیە ... چنکی مەردە .

رابە دگەل من بژی جارەکا دی

شیعرا پابلو نیرودا
وەرگێرانا سگڤان عبدالحکیم

رابە گەل من بۆ ژیانەکدی برا
کوڤانێن کەڤن .. بێت ڤەشارتی
گەل خو بینە
بۆ پەرداغێ ژیانەك نوی
بهێلە خوین وروێتەماچیکەم
نەبێژە لڤێرە تا ئێشاندبێ
ژبۆڤارا سیناهیا زێری
یان عەردێ بەرهەم لوەختیدا نەدا
ژگەنمی و کەڤرا
بلا دارێن برین چێکرین بسوژن
ئو بڤرێت بخوینا من خەملاندنێن بسوژن
بلا بەند باخڤن .. ئێك ئێکە
کێرکیت خۆ بینە دەر نەڤەشێرن
لناف سینگێ من بجینن
دناف دەستی من دابجینن
بێهلن بکەمە گازی و هەوار .. گاڤ و روژو سالا
ئاف وخارنێ و خمطێ بدەنە من
وەرن بکەنەغار .. تەستا گولێت من بکەن
قەستا دەڤێ من بکەن
دابشێن باخڤن ژناف گرتنێت من
ژناف خوینا من

بەشیر موشیر

محمد توفیق ووردی

شتی نەزانراو لە بارەی مامۆستا بەشیر موشیرەوە!

« سەرو خواری ئەم وتارە بێ دەستکاری بلاوئەکەینەوە ، ئەوە نەبێت دوو پارچەمان لێ لابردووە • تکای لێبوردن لە مامۆستا وردی ئەکەین -هاوکاری » •

مامۆستا بەشیر موشیردوو سکرتێری نووسینی هەبوو یەکێکیان مامۆستا (جەمال نەبەز) وە دووەمین - بەندە - محمد توفیق ووردی کە مامۆستا پێی دەگوتم - وەردی - جا لێرەدا هەندێ لەقسە خۆشەکانی نەزانراو بۆ خوێنەرانی خۆشەویستی دەنووسمەوە لەوانەیە کەم کەس بیزانن ..

کاغەزی تێدەخەی یان چۆ ؟!

ڕۆژی لەڕۆژان کابرایەك هاتە دووکانەکەی وا داوای زەرفێکی لێکرد ئەویش دای پێی کابرا گوتی : « لەوە گەورەترم دەوێ ! » • هەرزەرفێکی دایێ ، هەرگوتی گەورەتر • • مامۆستاش پێی گوت : « کابرا دیارە تۆ گوێ درێژێت دەتەوێت جۆ لە زەرفەکەت بکەیت ، برۆ جۆڕ کێك بکڕە !»

میللەتی کورد سی ملیونە !

ڕۆژی دوو سیخوڕ لەزەمانی کەریم قاسمدا بردیان بۆ سیخوڕخانە • لەوێ سەرۆکی سیخوڕەکان دەستی کرد بە گفتوگۆ : « ئێمە سەرمان لەتۆ سوڕماوە سەیر بکە ئەو گونیەیە پڕیەتی لە نەشرەو کتێبی نهێنیو قەدەغە کراو لەهەموو چوار قوڕنەی جهان بەناوی تۆ شتدەنێرن کەچی تۆ وەکوو بۆمان دەرکەوە پیاوێکی هەژاریت دوکانەکەت بای پەنجا دینار شتی تێدانیە ، پێم بلێ چۆن دەژیتو بۆچی لەهەموو جهان ناوتدەزانن ؟! »

لە وەلام دا گوتی :

« وادیارە تۆ ئاگاداری هیچشتێك نیت نازانی من سەرۆکی کوردەکانی هەموو دنیام ؟ ئەوەلەلایەك لە لایەکی تریشەوە میللەتی کورد (٣٠) سی ملیۆنە هەر یەکەی مانگانە فلسێکم بداتێ بەسمە !» •

کانیاوی نەفت دەتەقێ

شامیلی کوڕی پێی گوت :« بابە دەمەوێت پرسیاریکت لێبکەم »

بەشیر موشیر :

« بابزانم پرسیارەکەت چیە ؟ »

شامل :

« بومبای ئوتوم ڕاستەکە بتەقێ ئەو هەموو خەلکە دەکوژێت ؟ هۆی چیە ؟ »

بەشیر موشیر :

« هەی گوێرەکە نازانی لەژێر زەویدا سەدەها کانیاوی نەفت هەیە هەمووی گڕدەگرێتو دەتەقێو ئەو سووتاندنە دەخاتەوە ؟ »

بە یەك ڕۆژ دەکتێب دەنووسم !

جار جار مامۆستا بەقینی هەندێ « ئاژاوەچی » لەگەڵ من تێك دەچوو دانی بەمندا نەدەهێنا شاعرم یان نووسەر •

بەیانیەکی هەینی لەدوکان دانیشتبووم قوتابیەکی زانستگا بەوێدا ڕۆیشت بەبێ ئەوە من بناسێت بە مامۆستای گوت : « کتێبی ووردیت نیە بۆ فرۆشتن ؟ »

ئەویش گوتی :

« بۆچی لەکتێبی ئەو دەپرسیت ئەوە هەموو کتێبی کوردی نیە لەبەردەمتا ؟ »

قوتابی :

« ئاخر کتێبێ ئەوانی تر گرانن کتێبی ووردی پارەی نانو کەبابێك یان گازینۆیەکە، ئێمەش قوتابین لە وزەماندا نیەکتێبی گران بکڕین !»

> **مامۆستا محمد توفیق وردی - سکرتێری دووەمی مامۆستا بەشیر المشیر - خۆی وتەنی ئەڵێت : « مامۆستا بەشیر ، ئەم تەمەن درێژبێت پێی ئەوتم « وەردی » • وەکو ئێمەش بیستومانە پێی وتووە :**
>
> **« وەووەردی » ئینجا ئێمە سێ هۆمان بەخەیاڵدا دێت کەبووە بەهۆی ئەوەی بەم جۆرە بانگی سکرتێری دووەمی خۆی بکات • بەلام نازانین کام هۆیان راستە بۆیە لە مامۆستا وردی ئەپرسین وەلاممان بداتەوە :**
>
> **١ مامۆستاوردی نازناوەکەی خۆی بە دوو (و) دەستپێ ئەکاتو ئەنووسێت ووردی، ئنجا ئەبێت مامۆستا بەشیر لەبەر ئەوە، وتبێتی « وەووەردی » •**
>
> **٢ - ئایا ئەبێ نیازی « وەردی » ڕەنگی - وردی -عەرەبی بووبێت ؟**
>
> **٣ - ئایا ئەبێت مامۆستا وردی سەبارەت بە خۆشەویستی بە « ورد » گوڵی لەقەڵەم دابێت ؟**
>
> **شەریك شعور**

ئەویش گوتی :

« کتێبی ئەو هەریەکەی شەش لاپەڕەیە ئەگەر من ڕۆژێك بۆی دابنیشم دە کتێبی وەکوو هی ووردی دەنوسم ! »

منیش بەگاڵتە خۆم عاجزکردو گوتم : « مامۆستا منت لای ئەو کوڕە نزمکردە وە کەچی هەرکارێکی نووسین چە مەقالەبێ یان کاغەز یان هەڵبەست بۆم جێبەجێ کردووی بۆچی وات گوت ؟ »

لەوەلامدا گوتی :

«ئاخر وەردی تۆ تەمبەڵیت چەند مانگە لەیاد داشتەکەم تەنیا سەد لاپەڕەت نووسیوە!»

جا پەیمانم دایە کە حەفتەی دووجار تەرخان بکەم بۆ نووسینی یاداشتەکەی پێش ئەوە کە بڕۆمە سەرەوە (٥٠٠) لاپەڕەم بەدەستی خۆم بۆی نووسیەوە کەچی هەمووی سوتێنراوە !!

دوکانەکەم پیس مەکە ئێرەیانەی کوردانە !

مرۆڤێکی کۆنەپەرست جار جار دەهاتە دوکانەکەی وە دەستی دەکرد بە درووو دەلەسەو ناوی خۆی نابوو « جەنراڵ » هەمیشە هێرشی دەبردە سەر یەکێتی سۆڤیەتو گەلانی ئازادی خوازو بەسوورو کافرو « مسقوفی » دەدانە پێنووس ..

مامۆستاش لێی وەرەزبوو ڕۆژێك لیێ تورەبوو بەسەریا

بڕوانە ل -٧-

کوردو عەرەب و پەندی پێشینان

خالد جوتیار

پەندی پێشینان وەك دوکتۆر عزالدین مصطفی لە کتێبەکەیدا (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی) باسی لێ دەکات ، بریتیە لە :

بەرهەمێکی زۆر کۆنی بیروهۆشی خەڵك • ئەم جۆرە پەندانە کە زۆربەیان لەرستەیەکی کورتی پڕ مانای قووڵ پێك دێن ، ئاوێنەی باری‌سەرنجی فەلسەفیو نەریتو ڕەووشتو خووی گەلانی‌سەرەتاییو سادەن •

جا من لەم وتارەدا هەوڵدەدەم لەو پەندانە بدوێم کە لە زمانی کوردیو عەرەبیوهەندێ تریشدا هەن •

دوکتۆر صفاء خلوصی لەم بارەیەوە دەڵێ :

« دەروونی نەتەوەکانی سەرروی زەمین ، بۆ دروست کردنی دستەو بەتایبەتی پەندچۆن یەکە » •

ئینجا دەڵێ : «پەند کتێبێکی گەورەیە کە بەهۆی ئەوەوە دەتوانین بەئاسانی لەرەووشتوخووی نەتەوەکان تێبگەین • وە لەبەر ئەوەی ئەو پەندانە لەلایەن کۆمەڵەوە بەگشتی هێنراونەتە بەرهەم ، هیچدوور نییە لێکچوونێکی زۆریان تێدا بێ » •

ئەگەر سەرنج بدەینە جۆری‌ژیانو رادەی پێشکەوتنو خەباتی ئەو نەتەوانە ، پتر ئەومەسەلەیەمان بۆ روون دەبێتەوە بۆ نموونە ئەگەر دوو نەتەوەیان زیاتر لە قۆناغی دەربەگایە تیدا بژین ، ئەوا چەوسێنەرهەر دەرەبەگەو چەوساوە هەر زەحمەت کێشانە • جا کە پەندی پێشینان ئاوێنەی سەردەمێك بێت ، ئەوا هیچدوور نی یە پەندێك نەك لەدوو زماندا هەبێت ، بەلکوودەگونجێت زیاتریش پەل بهاوێو بلاو ببێتەوە •

ئێمە لێرەدا کە دەمانەوێ لەلەیەکچوونی ئەو پەندانە بدوێین کە لەکوردیو عەرەبیداهەن ، دەبێ لەپلەی سەرەتای بلاو بوونەوەی ئایینی ئیسلامەوەدەست پێبکەین بێگومان کورد پێش ئیسلام ، فەلسەفەونەریتو جۆری ژیانی تایبەتی خۆی هەبووە • بەلام کاتێ بە بیروباوەڕێکی پتەوو راستگۆوە ئیسلام بوون ،شان‌بەشانی عەرەبەکان کەوتنە کۆششکردن بۆبلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام • لێرەوە سەرەتای ئەم باسەمان سەرهەڵ ئەدا • نووسین بەزمانی عەرەبیو خوێندنی قورئان ،کاریان کردە سەر باری رۆشنبیریو زانستیی کورد •دیارە لەم رێگایەوە زۆر پەندی عەرەبی بەناو کوردا بلاوبۆتەوەو بەلام گیانێکی کوردانەیان کراوە بەبەردا تا لەگەڵ زرووفی ژیانی کوردا بگونجێن •

سەبارەت بەکارتێکردنی ئاینی ئیسلام لەپەندی پێشنانی کوردی ، ئەتوانین‌ئەم نموونانە بهێنینەوە • پەندێك هەیە دەڵێ :

« بانگی محمد بەئاشکرا خۆشە » •

کە ئەمە ئێستا بۆ ئارایی بەکاردێت • یان « سوفیلکەی بەرماڵ لەشان ، بەڕۆژ ئەگەڕێ کۆلان بە کۆلان ،بەشەو دێتەوە ئەڵێ ئەڵلاهو ئیمان » • لێرەدا وشەی (سوفی ، ئەڵلا، ئیمان) ئەو وشانەن کە لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا بلاوبوونەتەوە • یان :

« تا فەرز وەستابێ ،سوننەت حەرامە » •

یان « بوویتە بزنەکەی ئەخفەش » • ئەمە لەکاتێکدا کە لەپاڵیدا پەندی کوردیی ڕەسەنیش هەیەکە دەڵێ : « بوویتە گیسکەکەی هەیاس »« بوویتە گیسکە نێری حسن تربی » •زیاتر لەمەش باسی‌خواو ناوی پێغەمبەرەکان کارێکی زۆریان کردۆتە پەندی کوردی • وەك « عیساو موسا نەشبوون ، خوا خوایەتی خۆی‌هەردەکرد » • یان « کەسی بێ‌کەسان خوایە » •

یان « ئەو کەسەی ڕۆح‌دەدا ، ڕۆحیش دەستێنێ » •

وەکی تر زۆر پەندی عەرەبی‌هەر لە ڕێگای ئیسلامەتی‌یەوە، کاریان کردۆتە پەندی کوردی، ئەگەر کوردیە شەقڵێکی کوردەواری تایبەتی‌خۆی گرتووە • وەك عەرەب دەڵێ « رمی عصفورین بحجر » •

کورد دەڵێ « بە بەردەکی،دوو کێشکەی کوشت » یان « بەردەکی دوو کێلی پەڕاند »

عەرەب دەڵێ « أن البلاءموکل بالمنطق » • کورد دەڵێ « زمان بەلای سەرە » •لەهەندێ پەندی تردا ، تەنها ناوی شتەکان گۆڕاوون ،ئەگینا یەك ماناو یەك جۆر بیرکردنەوەیان تێدایە • بۆ نموونە :« کلب عس ، خیر من اسد رابض » • لە کوردیدا :

« ڕێوی یەکی گەریدە ،لەشێرێکی نوستوو باشترە » لەسەرێکی ترەوە ، دەبینین پەندەکان تەنها تارمایی یەکتریان تێدایە ، بەلام لەمانادا یەکن • بۆ نموونە عەرەب دەڵێ : « ما کل بیضاء شحمة،ولا کل سوداء تمرة » ••

کورد دەڵێ : « هەمووپەستەك سوورەك هەمزاغا نی یە » • عەرەب دەڵێ « من حفر حفرة لغیرە • وقع فیها » کورد دەڵێ :

« ئەوەی بیری لۆ خەرکی‌لێدا ، بەخۆی دەکەوێتە ناوی»

یان عەرەب دەڵێ : « الکلام یجر الکلام» • کورد دەڵێ : « قسە قسە رادەکێشێ ، کە ئەمە وەرگێڕانێکی تەواوی پەندە عەرەبی یەکەیە •

بەلام هەندەك پەندی تر وەك دوکتۆر صفاء خلوصی دەڵێ : « پەسا پۆرتی رۆیشتنی‌خۆیانیان پێیە » • واتە روو بکەنە هەر ولاتێك ، دەبێتنە

بڕوانە ل -٧-

ئۆدن

بە بۆنەی کۆچ کردنیەوە

- عزیز گەردی -

ئۆدن : دەنگی پێکاسۆی‌شیعرە • « شاعیری سی‌یەکانە» شاعیری بیروبڕوایە ، کارامەیەلەهۆنینەوەدا •• لەگەڵ گەڕانو سووڕانو عەودالبوون بەدوای تێگەیشتنو ناسینو ناساندنی شاعیرێکی بەهرەمەندو دارامەو بەرچاوڕۆنو دونیادیتە وەك ،ئۆدن ، راستەوخۆ ئەم جۆرە قسانەمان بەرگوێ دەکەوێ‌والەدڵمانا دەزرنگێتەوە کە دەرهەقی گوتراونو کراون بەپارسەنگی هەڵسەنگاندنی خۆی بەهای شیعرە رۆنو تەڕوپڕوئاوازدارەکانی ••

ئۆدن : دەنگێکی شیعری‌دلێرانەی نەرمو هێمنو ڕەسەنی ئەم سەردەمە پڕهەراوهۆریاو تێکچڕژاوە هەڵچووەیە کە پاش گرمەی گەواری شیعری « تی • ئێس • ئیلیۆت » بەبڵندترین دەنگ‌و ئاوازی شیعری نوێی‌ئینگلیزی دادەنرێو تاکە شاعیرێکی هەڵکەوتوو بەشانو شکۆی سی‌یەکانەو شاعیری راستەقینەوراستگۆی سەردەمی جەنگی تێکڕای رۆژئاوایە •

ئۆدن : لە ٢١ی شوباتی‌ساڵی ١٩٠٧ لەشاری یۆرك لە ئینگلتەرە هاتۆتە دنیاوەولەبەردەستی خێزانێکی سەربەچینی ناوەنجی پەروەردەبووەو پێگەییوە ، ماوەیەك پاش لەدایك بوونی ماڵیان باری‌کردووەو چۆتە شاری « پەرمەنگەهام »و لەوێ‌لەنزیکەوە هەستی بەو هەژاریو تەنگ دەستی‌یەوبارە شێواوو نالەبارەی ئابووری کردووە کەبالی‌بەسەر سەراپای وولاتو بەتایبەتی بەسەر ناوچەپیشەسازی‌یەکان‌دا گرتووە •• لەوێ چۆتە قوتابخانەی گریشامو پاشانیش لەنیوەی بیستەکانا خۆی گەیاندۆتەدانیشگای ئۆکسفۆرد •• لەوماوەی کە لەقوتابخانەداخەریکی خوێندنەوەو شت فێربوون‌بوو زیاتر حەزی لێبوەدەربارەی ئەندازەو جیولوجیا ئاگاداری پەیدا بکاتو هێندەخووی نەدەدایە شیعر •• بەلام ئەوەندەی پێنەچوو شیعر وەك مەگناتیس رای کێشاو خستیە بەر سێبەری ئەفسوناوی بەکاریگەری خۆیەوە •• ئەگەر گوێ لەئیفادەی خۆی بگرین‌ئەوا دەتوانین بەتەواوی بزانین ئەخۆ کەی رووی کردۆتەمیحرابی شیعرو کەوتۆتە پەرستنی‌یەوە کەدەڵێ :-

لەتەمەنی پازدە ساڵی‌یەوەدەستم‌دایە قەڵەمی شیعرداڕشتان کە لە ئاداری ١٩٢٢ ڕۆژێکی‌یەك شەم برادەرێکم دەرگای ئەم دنیایەی بۆ هاویشتمە سەرپشت وئاراستەی کردم •• پێش ئەو وەختە بیری وام‌هەرگیز بە مێشکدا نەدەهات• ئیتر لەوکاتەوە ئاروی لێ‌هەڵکردو ملی‌دایە شیعرو نووسینو لەپاشکۆ شیعری‌یەکەی گۆڤاری زانستگا بوویە (نووسەر) کە هەموو ساڵێك بەرێك وپێکی دەردەچوو ••

هەر لە زانیستگا بوو کە پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ (ستیڤن سپندەر » بەست کەدەورێکی زۆر باشی هەبوو لە ئامۆژگاری کردنی بۆ ڕێی‌راستو سەرکەوتوانە هەروەکو بەندیواری دۆستایەتی لەگەڵ چەند نووسەرو شاعیرێکی دیار پەیداکرد کەپاشان هەموو پشتی یەکیان گرت پێکەوە تاقمێکیان پێك هێنا بەناوی « تاقمی ئۆدن» پاشان بوو بە « تاقمی سی‌یەکان ئنجا بوو بە قوتابخانەی بایلون » ئەمانە پتر سەرەداوی (بیرو - بڕوا) کۆی کردبوونەوەو گەیاندبوونیەیەکدی تا شتی کەسایەتی رووکەش ••

یەکەم شاعیری ئینگلیزی‌کەکاری تێکردبێو لەقووڵایی‌یەوە هەستو سۆزی بزواندبێ (تۆماس هاردی) شاعیری گەورەی ئینگلیزی‌یە،کە (ئۆدن) کردبووی بە نموونەو سەرمەشقی خۆیا لەشیعر نووسیندا ئەمەشیان هۆیەکی زۆر گەورە بوو بۆ گەشەسەندنی بەهرەو پێگەیشتنی تواناکانی (ئۆدن)چونکە - هاردی - شاعیرێکی زۆر ووردو قووڵبوو ،باوکێك‌بوو ژانو ئازاری ئەم دونیا پڕ ئەشکەنجە زامو خوێنەی‌لەسنگ‌دا [illegible] ئەوەش لەبیربکەین ، کەتازەکردنەوەی هونەری شیعری - ئیلیۆت - یش کاری‌تێکردووە ، - ئۆدن - سوودی لەرێڕەوە هونەری‌یە بەرزو بێ‌هاوتاکەی ئیلیۆت‌وەرگرتووە بەلام توانیویە دەنگی خۆی‌بپارێزێو لەناو هیچ دەنگێکا نەتوێتەوە ••

ئۆدن :پاش‌ئەوەی زانستگای تەواو کردو خۆی بەباوەشی ژیان‌دادا ، پێش بەرپابوونی‌رێژیمی نازی سەرێکی لەبەرلین‌داو ماوەیەك لەئەلەمانیامایەوە •• ساڵی - ١٩٣٠ - یەکەم کۆمەلە هۆنراوەی بلاوکردەوە ، کە ئاوێنەیەکی ئێشو ئۆفی ئەو سەردەمەی تێدا دەدرەو شێتەوەو نموونەیەکی راستگۆی ژیانوهەلویستەکانی ئەوسای - ئۆدن -ە • ساڵی ١٩٣٥چووە داخوازی - ئەریکای کچی - تۆماس مان‌ی داستان نووسی ناسراوی ئینگلیزیو هینای •• ساڵی١٩٣٦ لەگەڵ - لویس ماکنیس -ی شاعیری هاوڕێ‌یاقۆڵیان تێك هەڵکێشاو چوونە - ئایسلاند -و ساڵی پاشی‌واتە ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ - ستیڤن سپندەر -ی شاعیروهاوڕێ سەریان بۆ ئەسپانیا هەڵگرتو نزیکەی دوو مانگ‌لەوێ مانەوەو - ئۆدن - ماوەیەك خۆی بۆ خزمەت‌کردنی شەڕی میللی ئیسپانیا تەرخان‌کردو بەهاژواری‌تروەمبێلی ئیسعاف هاوبەشی ئەم شەڕەی کردو کەلەوێ گەڕانەوە هۆنراوەیەکی دانا بەناوی - ئیسپانیا -ولەنامیلکەیەك دا چاپی کردو پارەکەی کردە باربوو بۆجەنگاوەرانی شۆڕشی ئیسپانیا ، کەتێ‌ی‌دا دەڵێ :-

دوێنێ ،سەراپای رابوردووە
سبەینێ ، ڕەنگە دوارۆژبێ
بەلام ئەمڕۆ ڕۆژی تێکۆشانە

- ئەمە - ئۆدن - ، بەلام- سپندەر -ی هاوڕێی وەك دەمی بەستراپێو نووکی

بڕوانە ل -٧-



لەپێناوی پێشخستنی بەرهەمی کشتوکاڵ لەکوردستانا

عبداللە بەرزنجەیی

هەموو لایەك ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە کوردستان بەپیتو بەرەکەت‌ترین دەڤەرو زەوی‌زارێکی باشی هەیە بۆ کشتوکاڵی ، سەرەرای ئەوەی کە جوتیارانی کوردستان هەر ئیش‌کردنی کشتوکاڵیان هەیە خۆیان لەخۆیانەوە توانای ئیش‌کردنی کشتوکاڵیان هەیە جگە لەوەش لەلادێکانی کوردستاندا جوتیاران لە بەرهەمی کشتو کاڵیو ئاژەڵ بەخێوکردن بەولاوە سەرچاوەیەکی‌تریان نیە بۆ دابین کردنی ژیانو گوزەرانیان •

کەواتە هۆیەکی‌تر هەیە لەناو جوتیارانی کە دێهاتەکانی کوردەواری گەورەنو زۆرنو واتە بە کۆمەڵی زور زور لە جێگایەك کۆبونەتەوەو بەچواردەوری خۆیانا زەویو زارەکان بەکار ئەهێننو جیاوازی‌یان هەیە لەگەڵ جۆری ژیانی هەندێ ولاتی‌ترا کە جوتیارەکان یەك ماڵو دووماڵ لەجێگایەکا خانویان کردووەو بە کشتوکاڵەوە خۆیان خەریك کردووە •

جالەبەر ئەم هۆیە بزوتنەوەی نیشتمانیو ڕێکخراوی جوتیاریو خوێندەواریو ڕەوشەن بیریو تەندروستی هەر لەناو جوتیارانی کوردستانا بەئاسانتر ئەتواندری زاڵو سەرکەوتوتر بێت •

وە بۆ ئەوەی ژیانی جوتیارانی کوردستان بتواندری پێش‌بخریو بەرهەمی کشتوکاڵی لەو دەقەی کە ئێستا هەیەو ساڵ لەگەڵ ساڵ جیاوازی گەورەی تێ‌ئەکەوێ چارەسەر بکرێو ژیانی جوتیاران بەرەو پێشتر بڕواتو بتواندری سوود لە بەرهەمی کشتوکاڵ بەشێوەیەکی باشو رێك وەربگیری پێویست بە پرۆژەی ئاودێریو یارمەتیدانی جوتیارانو پارەو زبلی کیمیاییو تراکتۆرو دەرراسەو ئەم جۆرەشتانە ئەکات •

لەبەرئەوەی زەویوزاری دێمەکار لەکوردستانا هەیە . وە بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی لەکوردستاندا جوتیاران ئێستا چاویان بڕیوەتە بارانو ساڵی بێبارانی بە ساڵی نەهاتو قاتو قڕی لەقەڵەم ئەدرێت •

هەربۆیە لەکوردستاندا پرۆژەی ئاودێرکردن مەرجی سەرکەوتنی ولاتەکەیەو پێشخستنی جوتیارانەو بەرهەمی پێ زیاد ئەبێت •

Institut kurde de paris

پاشماوەی : ئۆدن بەبونەی کۆچکردنیەوە ..

قـەلەمی نووسابێ نەهیچـی دەربارەی ئەم شەڕە گـوت‌و نەهیچیشی بۆ نووسی حـەز کەسیش نی‌یە گومان لەوەبکا کە چوونی ئەم دوو شاعیرە بۆ ئەسپانیاو شەڕ دیتنیـان کارێکی زۆری تێ کـردوون ، ئەوەتا « جولیان سیمۆتر » زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکا کـە دیمەنی دڕندانەی ئەم شـەڕە نارەحـەتی کـردوون‌و نـاخی ناخەوەی بزواندوون .. پاشان - ئۆدن - چووە - چـین - بۆ ئەوەی ئاگـاداری رووداوەکانی شەڕی نێوان چین‌و یابان ببێت .. بێ‌گومان جەبـە داگرتن‌و سوورڕبوونی ئـۆدن لە چوونە ناو کوورەی ئـەم شەڕانەو هەڵویستی مەردانەوشۆڕشگێڕانەی تیایـانـدا ، بەتەواوی بیـروڕای شۆڕشگێڕانەو مرۆڤایـەتی ئۆدنمان بۆ دەردەخا ..

ئۆدن گەلێ دیوان‌و کتێبی بەچاپ گەیاند لەوانە هەندێکیان بۆ نموونە دەخەینە پێش چـاو .. سالی ١٩٣٠ یەکەم کۆمەڵە شیعری بلاوکردەوەو سـالی١٩٣٧ هۆنراوەی ـ ئەسپانیـای لە نامیلکەیەکدا چاپ کـردو سالی ١٩٣٩ - گەشـتی جەنگ ـو سـالی ١٩٤٠- سـەردەمی جەنگ ـو - رۆژگاری تر ـو سالی ١٩٤٥« بۆ ئەو زەمانەی تیایاندەژین »و سالی ١٩٤٨ - سـەردەمی قرت‌وفرت ـو سـالی ١٩٥٢ - زرێی ئاخیل -ی بلاوکردەوە که شیعرەکانی دەخوێنیتەوە هەست بە قەلەق‌و دوودڵـی دەکەیت ، هەست بەوە دەکەیت کـە قەلـەق ئۆقرەی لێبڕیوە ئەمەشیان بۆ گەلێ هۆی جیاجیا دەچێتـەوە ، یەکێ لەوانـە بارەی ناوەوەی وولاتە کـە لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی پەرەسەندنی سـەرمایـەداری لەبەرزبونەوەدا بوو کێشـەی چینایەتی تا دەهات ئاگـری خۆشتر دەبوو بێ کـاری سەراپای وولاتی گرتبووەوە . یەکێکی تر لەهۆیەکانی ئـەودوودڵی‌یە باری تایبەتـی ئەوروپاو تەواوی دونیایە کـە ئەوکاتە لەمەترسی هاروهـاج بوونی هیتـلەر وموسۆلینی کەوتبووە ترس‌و لەرزەوە .. بەتایبەتی ئینگلتەرە مەترسی دابارانی قونبەلەی ئەلمانیـای لێ دەکراو ئەمەش هەمـوخەڵکەکەی سەرگەردان کردبوو .. یەکێکی تریش لەو هۆیانـە بریتی بوو لەسـەرچاوەی رۆشنبیری‌یەکانی - ئـۆدن ـ خۆی ، کە بریتـی بوو لە مارکسیزمێکی سـادەو بیروراکانی فرۆید ، بێجگە لە قەلەقەرەسەنەکەی کیرکجارد ئەمانە هەموو لـەدڵ‌و دەروونی ئۆدنا لێکیان داوەو ئەو مۆرکەدیارەو سەروسیما تایبەتی‌یەیان بەشیعرەکانی بەخشیوە ..

ئۆدن زۆر هەوڵی دەدا کـە ئاگای لە لایەنی هونـەری شیعرەکانی بێت‌و نەیەلـێ لەزەلکاوی پەستی‌و بەرەوروو بوونی میللی‌یانە نقووم بێت، ئەگەرچی زۆر ئەقەلاشـی دەدا کە رەنـگ رشتنی شاعیرانەی بەندبێت بەڵام جار واهەبـوو کەتووشی روکەشی‌و قسەکردنی ساکار دەهات بەتایبەتی لـەو شیعرەی کە دەیەوێ باسـی مەسەلەی داتەپینی سـەرمایەداری بکات‌و هۆیەکەی بـۆ کاریگەری ئابووری دەباتەوەو دەڵێ :-

ئۆه !! مارکسەفەنـدی ، هەموو راستەقینەیەکی
مادیت کۆکردۆتەوە
دەزانی چ پال پێوەندرێـک
لەژیاندا دەمان جوولێنێتەوە

ئینجا لەسەرزمـانی مارکس دەڵێ :-

هۆی بەرهەم هێنـان گەیشتبووە ئەو
رادەیە کە باری هەلنـەدەگیرا
بۆیە رامالدرا ..

لەمەو لەزۆربەی شیعرەکانی تری وا زەق‌و رەخنەگرەکـان بەوە گەیشتوون کـە نـەوکابرایە مارکسی‌یەکی راستەقینە نەبووە ئەگینـا وابـەزەقی نایخاتە شیعرەوە ، ئـەوەی لەناخەوە وەك پرۆگرامێـك لەژیان‌و وەك رێڕەوێك باوەڕی پێ‌هێنابێ دەزانێ وچاك دەزانێ چۆن خزمەتی ئـەو باوەڕە بکات‌و شیعریشی شیعربێت نەك وا شیعر بکا بە مەیدانی روون کردنەوەی بیروڕای مارکسی،هەرچۆن بێت ئۆدن خـۆی مرۆیەکی شۆڕشـگێڕو پێشکەوتووانە بوو،هەربۆیەش لەسی‌یەکاندا زیاتر لە هەموو شاعیرەکانی سـەردەمی خۆیدا دەنگی وی بلاوبووەوەو ناسرا.

دەبێ ئەوەشمان لەیاد بـێ کە ئۆدن لـە دوادوای تەمەنیـا بۆ باوەشی کەنیسە گەڕایەوەو- رینهۆلد نیبەرز - دەستێکی باشی بووە لەم هەلویستەی ئۆدنا ، ئەگەرچی رەخنەگرەکانی ئۆدن ئەوە بە لادانی کت‌و پـڕ دانانێن کـە خۆی بەکۆشـی کەنیسە داداوە ، چونـکە گەیشتوونەتە ئەو قەناعـەتە کە ئۆدن لەو پـەڕی شۆڕشگێڕیتی‌و چـەپ ڕەوی‌و داوا کردنی مارکسیەتا تـۆی مەسیحیەتی لە دەروونا هـەر هەبووە تا نەش‌و نمی پـێری لێداو ازواندی‌و پێی گەیان .. ئەمەشیان بەوە لێك دەدەنـەوە کە ئۆدن بایەخی زۆری بـە ئادەمیزادو سروشت‌و کـەون دەدا و بەدوای رژێمێکدا وێل بوو کە مبرر بێ بۆ بـوونی ئادەمیزادو مانایەك بـپـدا بەئیش‌و کارەکانـی ، بۆیـە سەردەمێك ئەم رژێمەی لـە مارکسیەت دەدیت‌و پاشـانیش لەکەنیسەی دیت ، بۆیـە گەڕایەوە بەرسـێبەری یاوبەهێمنی ئارامی لـێی پـاڵ دایەوە ..

ئەگەر لەسـەرەتاوە نـاکۆتایی چاو بەشیعرەکانـی ئۆدندا بگێڕین بۆمـان دەردەکەوێ کە بەسێ قۆناغـی شیعریدا تێپەڕیوە .. قۆناغی‌یەکەم لەسەرەتای ئاشنا بوونی بەشیعرەوە دەگرێتەوە ـادەرکردنی یەکەم کۆمـەڵە هۆنراوە لەسالی ١٩٣٠ قۆناغی‌دووەمیش قۆناغی سیاسـی‌و متأسر بوونیەتی بە مارکـس‌وفرۆید وروداوەکـانی سەردەمی خۆی .. قۆناغـی‌سێیەمیش شیعرەکانی پـاش قۆناغی دووەمی دەگرێتەوە تـاسەری هەمیشەیی نایەوە .. ئەمەش نموونەیـەك لـەشیعرەکانی :-

« خاتوگی »

لێ‌گەڕێن با کورتـە چیروکێـکی
(خاتوگی) تـان بـۆبگێڕمەوە

که لە (کلیفـــدن‌تراس) ،
لەژووری (٨٤) دا ئـۆقرەی‌گرتووە
چاوی داستەی بەحەستەم خێل‌بوو ،
لێوەکانی بچکۆلەو تـەنگ ،
کەرپیلەکانی باریك‌و داهاتبوون
گەردەنی هەر نەبوو
کلاوێکی مەخمەلی رازاوەی لەسەردەنا ،
کراسێکی خوری خاکـی‌رەنگی لەبەردەکرد ،
لە (کلیفدن تراس) ،
لەژوورێکی بچووکی نووستن‌و هەستانا دەژیـا ..
پالتۆیەکی ئەرخەوانی‌و سەیوانێکی کەسکی بۆ
رۆژی بارانان هەبوو

* * *

هاوین داروددرەخت دەکاتە نیگارو
زستان‌دێ هەڕوون بەهەڕوونی دەکا
لـە هەردوو وەرزدا بایسیکلەکەی دەهاژواو
خزمەتی شـەوانەی جێ‌بەجێ دەکرد
کراسەکەیشی تا بەرگەردن قۆچپە رێژکردبوو
پۆل‌پۆل بەناو دلـدارو دڵخوازان دادەرۆیی
رووی بۆلایـەکی‌تر وەردەگێڕا ..
خاتوگی لەلابالی راستەدالێی‌دانیشت ،
ئاوازی عوودو تاری هاتەگوێ
بەنەرم‌و شیرینی کەوتـەخوێندنی
وێردی کـۆتابوونی رۆژ..
خاتوگی لەم لابالە لاتـەریکەدا چەمایەوەو
لەسەچۆکا کڕنۆشی برد :-
« خوایە !! کچەکەت لەکۆسپ‌و زەندۆلی فریوخواردن
دوور بخەوە ، بیپارێزە ، دەستی بگرە ...
چۆن شـەپۆلی بێ‌ژمار بەسەرتا شەبەردی کەناردا
دەڕواو تێدەپەڕێ ،
ئاواش شـەوهـات‌و رۆژرۆیشت
رۆژێکیان بەنیازی چوونەلای نۆژدارووەکا
بەسواری پایسیکلەکـەی‌شۆڕبووەوە
تا تەوقی سەری کراسەکەی قوچپە چن‌کردبوو
زەنگی نۆژدارووەکـە زرنگایەوە :
ئاخ !! دوکتۆر گیـان ! هەناوم پێچ‌دەکا
دەردم کاری‌یە .
دوکتۆر سـەرنجی‌لێدا ، وورد وورد پشکنی
پاشان چووەلای دەسـت‌شۆرەکەی‌و گوتی :-
بۆبەرلەئێستا نەهاتی .. نازانی ئەوەی دوابکەوێ ....
کاتێك کە خێزانەکـەی‌چاوەڕێی تەلەفوون بوو
تا قسەی لەگەلا بکا
دکتۆر تۆماس لەسـەرشێو دانیشتبوو
پارووی لـوول‌دەداو وەك‌تۆپەلەی بچکۆلە
لەناو دەما دەیسووڕاندو‌دەیگوت :-
« سەرەتان ... شتێکی‌سەیرو پێکەنیناوی‌یە »
خێزانەکەی داوای نۆکەرەکەی کردو پێی گوت :-
« ئازیزەکەم ، ئەوەنـدەتەپ‌و ووشکەڕۆ مەبە »
خزمەتکارە رووخۆشـەکەوەلامی دایەوە :
ئەم ئێوارەیە (خاتوگی)م دی ..
ترسی ئەوەمە : دەڕوا ..

پاشماوەی : بەشیریست

قیرڕاندی :

« دە وویکت بە درۆزنـی سیخوڕ تۆ بەدرۆ نـاوی خوت‌ناوە « جەرەناڵ » ،دووکانی من شوێنێکی پیرۆزەو یانـەی کوردانە پیسی مەکە !! »

جا ببڕ ببڕ کابـرای « جەرەناڵ » تخوونی دوکـانی مامۆستا بەشیر موشـیر نەکەوتەوەو ئێمەش رزگارمـان بوو لەدەستی .. وابزانن ئەو شتەش بە فیتی مامۆسـتا « جەمال نەبەز » پێك‌هات ..

گۆلە مێش خۆر !

مامۆستا یەك دار دەسـتی هەبوو بو دانانی لەقەبی سەیر سەیر یەکێکی ناو نابـوو « گۆلە مێش خۆر » ئەویـش جار جار دەهاتە دوکانی بەشیر موشیر ، دەستی دەکرد بـە شەکوای حالی خۆی کە میری ئیشی ناداتێ‌و مەغدورە !

مامۆستاش لێی ڕاپـەری‌و پێی‌گوت : « تو گۆلە میـش خۆریت توانای ئەوەت نیە کـە مێش لەخۆت دەربکەیت جـا

چۆن میری ئیشت بداتێ ؟»

سەدو یەك یارم هەبوو !

گەرچی مامۆستا تەمەنـی لەحەفتا سال تێپەڕی دەکـرد بـەلام دلی زۆر ئـەڕبوو ، وێنەکانی کاتی لاوی لەگـەڵ مەقالەو هەلبەستەکانی بـلاو دەکردەوە .

جارێك لێمان پرسـی :

« مامۆستا دیارە لەکـاتی لاویتیا زور قۆزو شـەنگ بوویتە لەوانەیە کێژۆلەکـان زۆریان دەورە دابیت !؟ »

لەوەلامدا گوتی : « شـوێن نیە دلداریکم تێدا نەبووبێـت بەلای کەمەوە حەفتـاو دوو یارم هەبوو لەتافی لاوی‌دا ! »

ئەوە چەند وێنەیەك بـوون لەقسە خۆشەکانی مامۆسـتا بەشیر موشیر هیوام وایـە جارێکی تریش هەندێ‌تر لەقسە بەنامەکانی بلاو کەمەوە

ئیمزا سکرتێری
دووەمی مامۆستا بشیر المشیر
سەرۆکی کوردەکانی تـەواوی
دنیا لەرۆژهەلاتی ناوەراسـتدا

پاشماوەی ژ زەفار

گەلانی پێشکەوتووی جیهـان بەهەموجۆرێك پشـتیوانی لەرشۆڕشە پیرۆزە دەکـەن‌و دەرئێسـتا لەزۆر ولاتـی پێشـکەوتووا راوێژکـەی نیزامی‌و فەرهەنگی و لـەش‌ساخی بۆ دەنێرن‌و بەتایبەتی کۆماری یەمـەنی دیموکراتی لەهەموو بارێکەوە پشـتگیری ئەوشۆرشە دەکاو نەخشـێکی گرنگی وەئەستۆ گرتوە

شۆرش زەفار شۆرشـیکی رەسەنە کـە لەناو جەرگی کۆمەل هەلقولیوە ، پشـتیوانی بێدرێغی جووتیاران‌و زەحمە- تکێشانی ولاتی لەگـەلەو پشـتگیری هاودەردی بیروڕای گشتی دنیـاو مرۆڤایەتی پێشکەوتووی بۆلای خـۆی راکێشاوە . سەرکەوتنی هەموو شورشێکی لەوبابەتەش شتێکی مسۆگەرە .

پاشماوەی : پانزەهەزار کیلۆمەتـر

راستە .. ئۆباڵ بەکەردنم راستە . زەمین هەم خڕەو هەم ئەسووڕێتەوە » .

- ٤ -

جوانترین دیمەن لەنـاو فرۆکەوە (بەرای‌من) ،دیمەنی سەروو هەورە .

راسترین قسە لەنـاو فروکەوە سەبارەت بەسەرزەمین (بەرای من) ، کۆتایی هاتنی هەموو دەشتێکە بەشاخ‌و هەموو شاخێك بەدەشت .

پەسەندترین باوەڕیش لـە ناو فرۆکەوەو (هەر بـەرای من) ، ئەوەیە کە سەرزەمین لەشوێنی لەدایك بوونی هـەر مرۆڤێك فراوانترە .

- ٥ -

بێ‌گومان من نوینەرێـکی نووسەرانی کـورد بووم‌و چووم بۆ کۆنگرەی نووسەرانی دوو قارەی پان‌و بەریـن‌و چڕی ئەم سەرزەمینە . سـادیارە کە هەریەکێك لە ئێوە هەقێتـی لێم بپرسێت : « تۆی نوێنەرمان لەکۆنگرەدا چیت کـرد » .. لەوەراما ئەڵێم :

١ - ئازیزەکـانم .. «المؤتمرات هی المؤتمرات»(٤)
٢ - ئازازەکانم «دەدەنگی دەهۆلی هەندە کەسـێك لەدوورخۆشە ! » .
٣ - ئازیزەکـانم .. « راستی‌یە ساکارەکان » لـە نزیکەوە خۆیانت پـێ ئەسەلمێنن » .
٤ - ئازیزەکـانم .. « راستی‌یە ئالۆزەکانی پتـر

خۆیانت لێ ئەئالۆزێنن » .
٥ - ئازیزەکانم .. ئازیـز تانم .. ئازیزمن .. هـەر ئازیزیشم ئەبن ..ئازیزەکانم.

کۆنگرەی شەشـەم .. حەوتەم .. هەشـتەم .. نۆهەم ..

بەلام هێشتا قسە هـەر هەزار ئەبێت‌و تەنها دوانـی بەکار ئەبێت .

- ٧ -

(پەژالستا ..)

فودکا .. کونیاك . فودکا .. کۆنیاك ئەویان ستۆگرام). ئەمیان پیدی سیادگرام .. ئەی ئەگینا !..

(من أين للشاعر - للقاص- بهذه الكلمات) (٥) بەرامبـەر بە ـالمؤتمرات هی المؤتمرات-

مالەوە - وەزیری‌یە
١٦-١٠-١٩٧٣

(١) چواربـاغ گەرەکێکە لـە گەرەکەکانی سلەیمانی کـە تیایدا لەدایـك بووم .
(٢) ئیتش میادزین: کۆنترین کلیسەیە لە ئەرمینیا (٣٠١م)
(٣) سەردار ئابـاد . بەرزایی‌یەکە نزیك (ئارارات). سالی ١٩١٨ لەوێدا شەڕێـکی قورس لەنێـوان ئـەرمەن‌و تورکەکاندا روویداوە .
(٤) دێڕە شیعرێکی شاعیری فەلەستینی (مەعین بەسیسۆیە، کە ئەویش هاتبـوو بـۆ کۆنگرەکە .
(٥) دێڕێکی تر هەر لـەو شیعرەی (مەعین بەسیسۆ) .

پاشماوەی : کوردو عەرەبو ...

نیشتمانی خۆیان . تا دەڵـێ « ئەم جۆرە پەندانە لەهەمـوو شوێنێك هەن ، بۆیە ناتوانرێ بووترێ ، ئەم نەتەوەیە لـەوی تری وەرگرتوە » . بۆ نموونە کورد دەڵێ :

« چەمی درۆ سەرچاوەکـەی نزیکە » .

عەرەب دەڵێ « حبـل الکذب قصیر » . ئەسپانیەکان دەڵێن : « سیقان الکذب قصیر» سویسری‌یەکان دەلێـن « لا سیقان للکذب » . یا لـە پەندێکی تردا کورد دەڵێ : «لار سێبەریشی هـەر لارە » . فەرەنسایی‌یەکان دەڵێن « داری خوار سێبەریشی هەر خوارە». عەرەب دەڵێ « داری خـوار شوانی دەخوا» .

رۆشنبیری‌ی ئەوی‌ترەوە کـە ئەمەیان لەنێوان کوردو عەرەبدا ئاشکرا دیارە .

لە کۆتاییدا هێنانەوەی چەند نموونەیەکی نێوان کـوردی‌و عەرەبی بەشتێکی باش ئەزانـم لەوانە :

١ - لا ناقة لی فیها ولاجمل
نەمندارم لەناو مندارانـە، نەسەرم لەناو سەرانە .
٢ - لا یجمع سیفان في غمد واحد .
سەری دوو بەرانـان لەمەنجەڵەکـی ناکولێ .
٣ - اذا جاء أجل البعیر حام حول البئر .
بزن هەجەلی بێ، نانـی شوانی دەخوا .
٤ - لو قلت تمرة لقـال جمرة .
ئەمن دەڵێم دەرد ئەو دەڵێ بەرد .
٥ - مانقص من مالك مازاد من عقلك .
هەر عەقلەك لە خەسارەکـی

راست نابێتەوە » .

بەم شێوە روونمان کردەوە کە پەندی پێشینانی هـەر نەتەوەیەك کاردەکاتە هـەی نەتەوەکانی تر ، بەتایبەتـی ئەوانەی دراوسێی یەکترین ، وەیا یەك بکەوێتە ژێـر کاریگەری ژیان‌و جـۆری

بەرمایێ : هاجەرێ

بولبـلێ شـیرین کەلامێ
عندەلیبـا سـەحەرێ
× ×
بولبـلێ ئاوازو خوشـێ
ساقییو شـەربەت فروشێ
کەفتمە جزبـەو خەروشێ
ژبەرتە ئەی ئالـو زەرێ
× ×
کەفتـمبەر ئاخـا بزاری
هائمێ چـولو بەیاری
من نـەزانی تونەیـاری
سـاحرا دەورێ بـەرێ
× ×
ساحرێ عاشـق بژێرێ
لاوکوژێ فیتنـە قەشێرێ
دوژمنـا ئیحسـانو خێرێ
طوطیو شـەکر خوری
× ×
طوطیـا تازەجـەمالێ
چاڤ‌ڕەشـا شوبهی‌غەزالێ
دێم‌درو گـەردەن شـەمالێ
خانمالسـەر بەسـتەرێ

(یامای)

پاشماوەی : دەمەتەقێ‌یەك ..

- خەڵك‌وای بەراورد ئەکەن کە خونفوسیەت بۆ حـەز ناسینە بە کۆمەڵ ..

- **هەرکەس شوناسنامـەی خۆی لەبیرو باوەری خۆیـەوە هەڵێنجاوە بەلام قژو جـل‌و بەرگ نیشان‌کردێکی کۆمـەلایەتیەو بە ئارەزووی رۆژانەی خەڵکەوە پەیوەندە .**

- خۆ خەریك کردن بەجل‌و بەرگ‌و قژەوە (زیـاد لـە پیویست) کەلەبەر ئەخـاتە ئیشی رۆژانەو مرۆڤ لەسـەر خەباتی شورشگیرانە سـارد ئەکاتەوە .

- **راستیشەو راستیش نی‌یە چونکە خونفوسییەت خـۆی لەخۆیدا ئەمەیە ! دوا رۆژیش سەنگی مەکە !**

پاشماوەی : (مارسیل)ی هونـەرمەند

دلی جەماوەرەوە نزیك بوون

ئەم هونەرمەندە هـەر لەمنداڵیەوە حەزو ئـارەزووی هونەری تیا دەرکەوتوە ، هەر لەسەرەتاشەوە تێکەلاوی زۆر لەهونەرمەندە ناسراوەکان بووە وەك « دیموند »و « باربـار »و (سیزان) .

ئەوەی شایەنی باسـە «مارسیل»کە لە سالی ١٩٢٩دا کۆچی دوایی کردووە ، ئیستا پیشانگایەکی تایبەتـی بـۆ تابلۆکانی کراوەتەوە ..

- شێرزاد عبدالرحمن -

پاشماوەی: ئافرەتان

کردنەوە لە بەردەم ئافرەت‌دا لەم ڕووەوە بەستراوە بەتوانای ئافرەت خۆیەوە ، کەی ئافرەت تواناو لێهاتویی خۆی لـەم رووەوە سەلماند ئەتوانی ژالیش ببێ بەسەر کوسپەکانی رێگایا ئەویش بەبەردەوامی هەوڵدان ئەبێت بۆ فراوان کردنی ئاستی رۆشنبیری‌و راستەو خـۆ چونە ناو کۆڕو کۆمـەڵە روشنبیری یکانەوە .

پاشماوەی : خونفوسیەت ..

نەیان توانیوە دەست بۆ ئـەم مەسەلەیە بکێشن . لای من وایە خونفوسیەت لە منـال دنیا گەورە ئەبێ .

ئـەم وتارەدا ، نە وەلامـی کاك فەهمی و نە کاك عبدالله ئادەمەوە ، بەلـکو هیوادارم وەڵامەکانیان لەم وتـارەدا بدۆزنەوە ! .

مەبەستیشم لەمە ، ئـەوە نی‌یە کە هەردوو وتارەکـە بەیەکجاری رەفز دەکەم بەلکو باوەرم بەوە هەیە کە هەردوو وتارەکە خالی‌باشیشیان تیـا هەبوو .

خونفوسیەت لـە کوێدا سەر هەڵدەدات !

لەو ولاتێکدا کە پەیوەندی بەرهەم هینان لەسەر بنچینەی چەوساندنەوە دامەزرا بێـت ، کە مرۆڤ گورگ بێت بـۆ برای مرۆڤی ، کـە رژێم بـۆ ئەنی کردبێت کە .. هتد ..

لە ولاتێکدا ، کە فیلـم‌و پروگرامی سنیەماو تەلەفزیون‌و رادیو و .. هتد .. کـە نیاترۆخانـە .. خوێنـەری خوشەویست پێویست بەنوسین ناکات خۆتان لەواقعەکەدان .

ئالەم جـۆرە رژیمانـەدا خونفوسیەت وەك رەوالەتێـك لە روالەتەکان سەر هەڵدەدەن، لای مروڤی شۆڕشگێریش زۆر ئاسایی‌یەو هیـچ جـۆرە سەیری‌یەکی تیادا نی‌یەو جێی سەر سوڕمان نی‌یە .

ئایـا خونفوسەکان لەبەرەی گەلن ؟

ئەم پرسیارە ، جـۆری رەخنەگرتنمان لە خونفوسەکان بۆ دیاری ئەکات ، ئاشکرایـە خونفوسەکان سەر بەچینی بۆ- رژوازی بچـوکن « وردە بوژوازی » وە ئـەم چینـەش ئەمرۆ سەر بە بەرەی گەلـە ، کەواتە نابێـت رەخنـەی روخێنەرو تونـدو تیژیـان لێ‌بگرین بەلکو ئەبێت رەخنەی دارێژەرو دروستکەریـان لێ‌بگرین کەوابوو با خونفوسەکان ئەمرۆ دوستن نەیان کەین بە دوژمن‌و نەیان خەینە بەرەی دژی گەل .

خونفوسیەت چـۆن بنبـڕ دەکرێت ؟

لـەرژێمێکی پێشـکەوتن خوازدا نەبێت ، ئیتر لەگشت رژێمێکدا خونفوسیەت وەك ماسی‌و کۆمەلگا وەك ئاو وایە ، وە هەوڵدان بۆ چارەکردنـی ئەم رەوالەتە لەژێر سایـەی رژێمی کۆنـدا بێ‌سوودە ! بەڵکە پێویستە لـە رەگ‌و ریشەوە چاری‌بکرێت . تاکـو جارێکی تر هەڵنەداتەوە .

ئیتر هیوادارم بەم باسـە کورتە توانیبیتم هوندی شت لەم بارەیەوە رون بکەمەوە .

پاشماوەی : پوستەی خوێنەران

چونکە لەگەڵ ئەکتەرەکانی ترا هەڵئەستی‌و دائەنیشـی‌و .. کەچی لەکاتێکدا ئافـرەت لەژیانی رۆژانەدا شـان بەشانی پیاو لە فابریقەکانـدا کار ئەکات‌و یەکتری ئەبینن‌و بە شتێکی ئاسایی دائەنرێ.. بەلام کەهاتە سەرشانۆ ئـەمـە گوایە لەنرخی کەم ئەکانەوە ، خۆ ئەگەر بێتو بپرسین بـۆ لە کارگە ئیش کردن هیچـی تیانیە بەلام چونە سەر شـانۆ شورەیی‌یە ؟

(لامان وایە کـەی زوربەی خەلکی ئەم کارەیان بە هونـەر زانی رای خویان ئەگـورن هەروەکو ئەو خوشـکانەی رێیان ئەکەویتە سەرشـانو تەنیا شانۆگەری بکـەن _ (هاوکاری) .

● **لە کاك جیهانبەخـش کە نازناوی (کەوسـەری)یە لە سلیمانیەوە :**

پارچە شیعریی کلاسـیکی مان بۆهاتوە لەهەر چوار لاوە کەوتینـە لێ هەلبـژاردنی ئەمانەمان لێ هەلبژارد .

نازانم بۆ گومڕای خـوا
نەناس
دژی ئاینەو لەدەس چـی
بووە هەراس
ئاینی راست موژدەیە بـۆ
ژیان
بۆ کۆمەلایەتی و بۆ ئومیدی
گیان
دانەری رەوشت‌و خـێری
باشە
هیوام ئومیدی ئێسـتاو
پاشـە
سۆزێکی گرنگ رائەگەیێنی
بەدڵ
واتە مرۆڤ گلە ، هـەر
ئەبێتەوە بە گڵ
گیان تەنیا بریسکەی ژیانە
بۆیە لەناو ناچێت نـەو
گیانە
ئەو شتانە کەتا ئێسـتە
دروست کراوون
هەموی بەم رەویەتە دۆزرا
وون
نیە لە گەردوندا بـڕوا
بەزایە
هەرشت ، لەشوێنێ ون‌بو ،
لەجێێ تر پەیدایە
یەزدانیش بـۆ بـوون هە
وێنە
بەر لەبوونی لێی دیـارە
ئەو وێنە

Institut kurde de Paris

دەمەتەقێیەك لەگەڵ خونفوسێك دا

برهان قانع

دوا بەدوای وتارەکەی کاك نەهمی قەرەداخی کە لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (١٨٥) ٢١-٩-١٩٧٣ دا کەلەسەر شەپۆلی خونفوسیەت لەشاری بەرێکەوت چاوم بە برادەرێکی سلێمانیدا بلاوی کردەوە خونفوسەم کەوت و بۆ رون کردنەوەی ئەم شەپۆلە سەیرەو زۆرتر تێ گەیشتنی لاوەکانی ئەمرۆمان لە رێبازی خونفوسیەت ئەم دەمەتەقێ سەرپێیەمان کرد ..

***

– بەر لە هەموو شتێك خۆت لە ریزی خونفوسەکان دائەنێی یام نەء ؟

– پێ لەوە ئەنێم کە خونفوسیەت وەکو ئەرکی سەرشانم ئەزانم .

– باشە ..! تەعبیر لەچی ئەکات ..

– هەرچەند خەڵك خونفوسیەت بە رواڵەتێکی تازە داهاتو یا لاسایی کردنەوەی لاوە بێ دەرامەتەکانی ئەوروپا (هیپی)یەکان ئەزانن ، بەڵام لای من خونفوسیەت لەدەرونەوە سەر هەڵئەداو وەکو بوورکان رواڵەت ئەگۆڕێ و ئەو دیوارە چینایەتیە ئەروخێنێ کە لە نێوان پیاوان و ژناندا هەیەو بەروخسارو جۆری جل و بەرگ بۆیاخ کراوە .

– ئەتوانن جیاوازی شێوەو روخساری نێوان کچێك و لاوێکی خونفوس دەست نیشان کەیت و هێڵێك لە نێوانیانا بکێشت .

– من ئەمەوێ ئەو جیاوازیە بسرێتەوەو شوێنەواری ئەو هێڵە هەر نەمێنێ !!

– خونفوسیەت تا ئیستە چی کردووە ؟

– بەرلەهەمو شتێك تائیستە گۆڕینە روخساریەکان چییان کردووە ؟ وەیان خۆ ئەتانەوێ چی بکات ؟

– بۆچی هەندی کەس حەزتان پێ ناکەن .

– ئێمە سەربەستی بەهەموو ئەو کەسانە ئەدەین کە حەزمان پێ ناکەن هەروەکو سەربەستی بە پەروەردە کردنی روخساری خۆیشمان ئەدەین . بەڵام ئەڵێین ئایا بۆچی حەزمان پێ ناکەن ؟!

– کاك فەهمی مەسەلەی خونفوسیەت بە (بۆشایی رۆشنبیری) لەناو لاوەکانا دائەنێت .

– ناتوانم بلێم بۆشایی رۆشنبیری لەناوا نیەراستەهەیە بەڵام ئایا ئەمە گوناهەکەی کێ ئەگرێتەوە !؟ دیسان بەشێکی ئەمەش هۆی بنەڕەتی داهاتنی شتی تازەبابەت و خۆ خەریك کردنە بەژیانی تازەی مرۆڤی هاو چەرخەوە .

– ئەڵێن زانستگای سلیمانی و فلیمی تازەبابەت ئەو کەلێنە رۆشنبیری یەیان لە دەرونی لاوەکانا دروست کردوە

– نە زانستگاو نەفلیمی تازە تا ئیستە بەکەسیان نەوتووە ببەرە خونفوس! تەنیا ئەوەنە بێ سەرچاوەی چاولێگەریەکەن وەکو وتیشم مەسەلەکە خۆی شتێکی دەرونی یە .

بروانە ل ٧

لەگەڵتانایین

ئەی هەڤاڵی ..
وشەی تۆڕەو خۆشەویستم ..
ئەو سرودەی کە دوێنێ تۆ بۆ ئێمەت وت ..
منیش بۆتۆی ئەڵێمەوە .. (١)
« لەگەڵتانایین » ..
لەگەڵتانایین ..
هەروەك ، لەخواردنەوەی تاڵاوی
کارەساتی حوزەیرانا ..
لەگەڵتان بووین ..
لە هەڵمەتی قین و تۆڵەی دوای تاڵاوی
حوزەیرانیش ..
لەگەڵتانایین ..
« محمود دەرویش » توفیق زیاد » «سمیح قاسم » ..
(سالم جبران)
چۆن گۆرانیە غەمگینەکانی دەرونتان ..
لەسەر چیاکانی کوردستانا ئەڵێینەوە ..
غەم تێکەڵی غەم ئەکەین و ..
لە ئازاریا ئەتلێنەوە ..

ئەمڕۆش ..
لەگەڵ ، دەنگی تۆڵەو تەقەکانی بەرەو رزگاری ..
گۆرانی « شۆڕشی درێژخایەن »ی بێ وەستان ..
ئەڵێینەوەو .. ئەیڵێنەوە ..
لەگەڵتانین ..

ئەمڕۆ ..
زەردەخەنەی هیوا ، لەسەرلێوی
منالانی دەربەدەری خێوەتەکان ..
دەنگ دانەوەی ..
قاقایەکی زۆر بەهێزە ..
لەسەر لێوی منالەکانی کوردستان ..
لەگەڵتانایین ..
سەرنجمان ، بەرەو ئاسۆ بەجۆرێکە ..
پێشمەرگەکانی فەلەستین ..
دەرکەکانی رێگای دووری پاشەڕۆژمان
لەگەڵتانین
هەڵئەکەنن ..

(١) ئیشارەتە بۆشیعرەکەی مەحمود دەرویش (کوردستان)

شیعری : عبداللە عباس

مارسیل دۆشامب

« مارسیل دۆشامی » یەکێك بوە لە هونەرمەندە بەرزەکانی فەرەنسا ، کە لەماوەی ژیانی هونەری دا توانی گۆڕانێکی فراوان بەسەر هونەری نیگار کیشان دا بێنێ ، ئەم هونەرمەندە کە لەساڵی ١٩٠٤ دا لەدایك بووە ، تابلۆکانی سەلیقەی هونەرمەندێکی لێهاتویان تیا دەرئەکەوێ و تا ئیستەش لەلایەن رەخنە گرەکانی هونەری نیگارکێشانەوە بایەخێکی زۆری پێ ئەدرێ .

« مارسیل » وەکو هونەرمەندێکی واقعی هەموو ئەو کارەسات و رووداوانەی لەسەر تابلۆکانی ئەنەخشاند کەهەموو رۆژی لەژیانیا ئەیبینی لەبەر ئەوە تابلۆکانی هەمیشە لە

بروانە ل ٧

رون کردنەوەیەك دەربارەی خونفوسی یەت
خونفوسی یەت چۆن بنبڕ دەکرێت ..؟!

دوا بەدووای بلاوکردنەوەی ئەو ریپۆرتاجەی کە ئامادەم کردبوو دەربارەی شەپۆلی خونفوسی یەت لەژمارەی(١٨٥)ی هاوکاری دا ، کاك (عبداللەعباس) لە ژمارەی (١٨٧) وە کاك (جەلال حەسەن) لەژمارەی (١٨٨)دا گەلێ تێبینێ لەسەر خۆیانیان بلاوکردەوە ،وە بۆ ئەوەی ئەو برادەرانەو کەسانی تریش بەپێچەوانەوە لەمەبەستەکان وە ناوەڕۆکی ریپۆرتاجەکە تێ نەگەن ، بەم چەند خالەی خوارەوە چەند راستی یەك بۆ ئەوان و هەموو خوێنەران روون ئەکەمەوە :

١ – بەهیچ جۆرێك خونفوسی یەتم دانەناوە بە (دەردێکی کۆمەڵایەتی ترسناك ...) بەو شێوەیەی کە کاك (ع.ع) ئەیەوێت رای من بۆ خوێنەران روون بکاتەوە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو خۆی ناوی ناوە (کارەسات ، گیروگرفت) کە گەلێك ماناکانیان فراوانترە لە (دیمەنی سەرنج راکێش ، دەردی کۆمەڵایەتی) .

٢ – خستنە بەرچاوی روخسارو دیمەنی خونفوسەکان وەك وێنەیەکی فۆتۆگراف لام وایەناوو ناتۆرەنی یە بەڵکو تەنها گواستنەوەی وەسفیانە لەوێنەوە بۆ ووشە ... وە ئەگەر ئەو دەستە لاوەی بە وەسفی خۆیان قارس ئەبن ئایەکوو کۆمەڵانی خەڵکیش بەڕووخساری ئەوان قارس نابن ؟!

٣ – کاك (ع.ع) هۆی بلاوبوونەوەی خونفوسی یەت ئەگەڕێنێتەوە بۆ (دەزگاو کۆڕو کۆمەڵە رۆشنبیری یەکانی تری شارو شوێنەکانی تری کوردستان) چونکە لەئاستی مەسئولیەتدا نین . ئەمە تاڕادەیەك راستە بەڵام هێشتا دووره لە روانگەی زانستی چینایەتی ، کە ئاکە رێگایەکە بۆ گەیشتن بەسەرچاوەی پەیدا بوونی هەموو دەرکەوتێك و دەردێکی کۆمەڵایەتی یە کە لێرەدا وە لەم بوارەدا شوێنی ئەوەنی یە باسی بکەین .

٤ – راستە خونفوسەکانی ئێرە جیاوازن لە هیپی یەکانی ئەوروپا چونکەهیپی یەکان بێزار بوون لە کۆمەڵی (ئیستهلاکی) یاخی ئەبن ، رائەکەن بە گەلێ شێوە دەری ئەبڕن زۆرجار لە بەر ئەو بۆشایی یە یا ناتەواوی و لێلی ئایدۆلۆجیە خو ئەدەنە **تلیناك کێشان .**

بەڵام خونفوسەکانی لای ئێمە بەپێچەوانەوە هەوڵ ئەدەن زوو بگەن بەو کۆمەڵە نەك لە رووی (ماددیی)یەوە بەڵکو بەلاسایی کردنەوەی روخسارو جل و بەرگ ... هتد .

لەگەڵ ئەو جیاوازیەشدا هەر دوو جۆرەکە بەمحالەیانەوە ناتوانن بەشداری یەکی کاریگەرانەی خەباتی درێژخایانی کۆمەڵانی خەڵك بکەن .

٥ – من نەم وتووە خونفوسی یەت لە ئەستۆی (قووتابی) دایە ، نازانم کاك (جەلال) ئەم قسەیەی لە کوێوە هێناوە ؟ ئەوە تەنها رایەك بوو لەڕاکانی خەڵك بەڵام من رای خۆم بەئاشکرا دیارکردووە کە بریتی یە لە بۆشایی رۆشنبیری ژیانی لاوەکانمان کە لەئەنجامی بارێکی دیاری کراوی چینایەتی پەیدا بووە نەك ئەو هۆیانەی کە ئەو هێناویەتەوە ، کە ئەتوانم بلێم نازانستین .

٦ – خونفوسی یەت مۆدێل نی یە بەڵکو وەکوو باسمان کرد ئەنجامی ئەو بۆشایی یە رۆشنبیری یەیە کە لە وولاتە دوواکەوتووەکاندا بۆتە هۆی پەیدابوونی جۆرێك لەنەفسیەت لە ناو لاوەکاندا کە پێی ئەڵێن (نەفسیەتی راکردن لەجۆتۆ) . ئەم جۆرە نەفسیەتە کەپێی ئەوترێ (جۆتۆ) لە ئەمریکا ئەوەیە کە هەندێ لەدانیشتوانی گەڕەکە هەژارەکانی شارەکانی ئەمریکا بەتایبەتی گەڕەکی قوولە رەشەکان حەز ئەکەن مالیان بگوێزنەوە بۆ گەرەکی سپی پێستەکان واتە دەوڵەمەندەکان ، تاوەکو بە (دەولەمەند)یان لە قەلەم بدەن (جۆتۆ)یەکی جیهانی هەیە لە ناو لاوەکانی وولاتە دووا کەوتووەکان بۆ گەیشتن بە ووڵاتە پێش کەووتوەکان ، هەندێکیان بە سەرو پرچ و جلی رەنگاوڕەنگ و لاسایی کردنەوەی دوا تەرزو مۆدێل دەری ئەبڕن .

٧ – لە کۆتاییدا ، کۆمەڵەکەمان سەدەها دەردو گیروگرفت و تەنگو چەڵەمەی جۆربەجۆری هەیە ، لە هەمان کاتدا هەموو رۆژێك لەگەڵ هەموو ژمارەیەکی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەچەندین شێوە باس ئەکرێت ، بەڵام ئایا ئەو نووسینانە هەمووی توانیویەتی هەموو ئەو گیرو گرفتانە چارەسەر بکات ؟

بێ گومان بە شێوەی گشتی نەء !!! منیش کە ریپۆرتاجەکەم نووسی دەربارەی (شەپۆلی خونفوسی یەت) نیازم نەبووە وە بەتەما نەبووم ئەو کەسانەیا (خونفوسەکان) بخەمە سەر رای خۆم کە ووشەکانی من ئەخوێندنەوە .

ئیتر هیوادارم هەموو لایەك دەوری خۆی ببینێت بۆ شی کردنەوەی گشت دەردە کۆمەڵایەتی یەکان دوور لە (عاتفە) و (هەڵچوون) .

فەهمی قەرەداغی

هەر لەم بارەیەوە خوێنەری بەرێز «تروسکە محمد» لە سلیمانی نووسیویەتی ئەڵێ :

لە ژمارە – ١٨٥ –ی هاوکاری دا ، رێپورتاجێك دەربارەی خونفوسیەت بلاوکرایەوە ، کە لەلایەن کاك فەهمی قەرەداغی یەوە نووسرابوو ، دوای ئەو کاك عبداللە عباس لەژمارە ١٨٧ی هەمان رۆژنامەدا وەك وەلامێك بۆ کاك فەهمی وتارێکی بلاو کردەوە .

ئەوی راستی بێ ، یەکەم جار بۆیە نەهاتمە وەلام ، چونکە باوەرم وابوو کە مەسەلەکە بنجی تری هەیە ، بەڵام نە کاك عبداللە وە نە کاك فەهمی

بروانە ل ٧

منداڵێکی جەنگاوەر ..

کە لەبەگژاچون و دەرکردنی هێزە نازیەکانا لەیەکیتی سوڤیەت دەورێکی مەزن و لێهاتویی بینی ، سەرنجی هەموو ئەوانەی راکێشاوە کە چیروکەکەیان بیستوە .

« ئەلکسندر » لەتەمەنی دوانزە ساڵی داو لەبەهاری ١٩٤٣دا قوتابخانەی بەجێ هیشتوو چوە ناو سوپاوە بەزۆر خۆی بەسەریانا فەرزکردو بەرگی سەربازی لەبەرکردو بەشداری شەڕی کرد ، نازیەکان گرتیان و لە « مینسك » هەڵیان واسی و دەستەکانیان بەبزمار داکوتا ، بەڵام لەدواکاتا توانرا رزگار بکرێ ، جارێکی تریش لە شەرێکدا گوللەیەك لەسنگیدا و یەکێکی تریش لەملیداو هەردووکیان دەرهێنران لەبەر ئازایەتی و بەجەرگی تانەمەنی چواردە ساڵی حەوت مەدالیای ئازایەتی وەرگرت .

چیروکی ئەم منالە جەنگاوەرە کراوە بەفلمێکی سینەمایی ، وە فلیمەکەش سەرنجی هەموو لایەکی راکیشاوەو سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە .

« ئەلکسندر کولسینکوف » جەنگاوەرێکی مەزنی سوڤیەتە

هەر جارەی نوسینێك ...

« هەژ بەسەرت دۆلار ! »

هەژ بەسەر دۆلار بەدەست کاربەدەستە گەورەکانی ئەمەریکاوە ... بەدەست مۆنۆپۆلی یە ملیادێرە هەرە گەورە شەڕخوازەکانی ئەمەریکاوە .. بەدەست خاوەنانی کارخانەو کومپانیاکانی فرۆکەی فانتۆم و دەبابە زەبەلاحەکانی ئەمەریکاوە ...

رەنگە لەسەرەتاوە هەندێك خوێنەری بەرێز قسەکە بەسەیر بێتە بەرچاوی ... چونکە واچاوەروان ئەکرێت کە ئەو لایەنانەی سەرەوەحەز بەسەرکەوتن و پیش کەوتنی دۆلار بکەن .

دۆلار ، پارەیەکی زێوینی گران بەهای لەهەموو پارەیەکی گران بەها گران بەهاتر بوو ... ئەی بۆچی واشکستی هێنا ؟! ئەی بۆچی لەبازاڕی پارە گۆڕینەوە (بورصە)ی نێو دەولەتانداواسەرەو نگوم بوو ؟! بۆچی پەنای بردە بەر– مارك –ی ئەڵەمانیای رۆژئاوا ... بەر – یەن –ی ژاپۆن ؟!

ئایا دەوڵەتە سەرمایەدارە هاوکارەکانی ئەمەریکا نرخی دۆلاریان نەهێشت ؟! ئایا گەلان لەخوتو خۆرایی دۆلاری ئەمەریکاییان سوك و رسوا کرد ؟!

ئەی بۆچی دۆلاری ئەمەریکایی وا بێ نازو حورمەت بوو ؟ بۆچی وا سوك و رسوا لەبازاری پارەگۆڕینەوەدا کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە ؟!

رەنگە ئەم کورتە هەواڵە وەلامی بەشێکی ئەم پرسیارانە بداتەوە :

« فرانکفۆرت – نرخی دۆلاری ئەمەریکایی رۆژی ٢٢–١٠ لەبازاڕی پارە (بورصە)ی فرانکفۆرتدا لە ٢٫٤٠٤٥ مارکەوە رۆژی ١٠٫٢٣ بوو بە ٢٫٤٠٠٠ » . واتە لەرۆژێکدا لە ٠.٠٤٥٪ی مارکێك شکاوە . ئەمیش سەبارەت بە جەنگی نێوان عەرەب و زایونیزم .

ئاوڕێك بۆ چەند رۆژێك و چەند هەفتەیەك و چەند مانگێك چەند ساڵێك لەمەوبەر بدەینەوە کە ئەمەریکا خۆی لەجەنگی گەلانی رۆژهەڵاتی خواروی ئاسیاوە گلان و بوو بەلایەنێکی سەرەکی دژی ئەم گەلانە ... گەلانی ڤیتنام و لائوس و کەمبودیاو ... گەر ئاوڕێکی وا بدەینەوەو سەیری فلیمی نرخی دۆلاری ئەمەریکایی بدەین گومان بۆمان دەر ئەکەوێت کە هەموو خۆ تێوەگلانێك لەجەنگی دژی گەلاندا بووە بەهوی هاتنە خوارەوەو سوك بوون و رسوا بوونی پارەی ئەمەریکا ، لەئەمەریکا خۆیدا ئینجا لەبازاڕی دەولەتانی ترا .

دەبا ئەمەریکا هەرخەریکی چەك و تفاقی جەنگ دروست کردن بێت واز لەلەبەرهی تر بهێنێ و خۆی لەشەڕی گەلان بئالێنی ، باوابکات بزانین کێ قازانج ئەکات و کێ زەرەر !

١،٩،ب

بۆتان ئەگێڕمەوە !
پیاوی ئاغایە پیاوی تەماتە نیە !!

ئاغایەك خزمەتکارێکی ئەبێ رۆژی بە خزمەتکارەکەی ئەڵی : تەماتە خواردنێکی زورباشە ..

خزمەتکارەکەی هەڵئەداتێ :

– ئینجا قوربان لە تەماتە باشتر هەر نیە ، بەکولاوی و بەسورۆ کراوی ئەخورێ جگە لەوەش کە خواردەمەنیەکی پاك و پوخت و نایابە .

سبەینێ ئاغا ئەڵێ :

– کوڕینە تەماتە خواردنێکی چەند خراپە

هەمان خزمەتکار ئەڵێ :

– هەی بێ قەزابی ، تەماتەکەی بووە بە خواردن ! هەرکەس بیخوا زکی هەڵدەئاوسێ و لەوانەیە توشی نەخۆشی چاوێشەش ببێت .

ئاغا بەخزمەتکارەکەی وت :

– تۆ دوینێ تاریفی تەماتەت ئەکرد ، ئەمڕۆ بۆچی زەمی ئەکەی ؟

خزمەتکارەکە وتی :

– ئاغام ..! من پیاوی جەنابتم خۆ پیاوی تەماتە نیم !

گۆشەی ئافرەتان

ئێمەش خۆمان کەمتەر خەمین !

شیرین عباس

● **ئەگەر بمانەوێت** سەرنجێکی وردی ژیانی ئافرەتی کورد بدەین لەمەیدانی ویژەو هونەرو رۆشنبیریدا، بەداخەوە دەر ئەکەوێ ، کە تا ئیستا بەشدار بوونی ئافرەتانی کوردستان لەم رووانەوە نەگەیشتۆتە رادەی پێویست و بەدی هێنانی ئەرکی سەرشانیان و ئەوانەی لەم مەیدانەشدا هەڵسوڕاون ئەوەندە کەمن بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن .

● جا ئەگەر ئەمە ،نیشانەی دواکەوتنی کۆمەڵەکەمان بێت بەگشتی و ئەنجامی نەبوونی سەربەستی تەواو بێ لە بەردەم ئافرەتدا ، بەڵام کەم یا زۆر ئەنجامی کەمتەرخەمی ئافرەتی کورد خۆشیەتی

● ئەمە بۆیە ئەڵێین ،چونکە هەست بەوە ئەکەین ، ئەو گۆڕانە فراوانەی لەم چەند ساڵانەی دواییدا بەسەر ژیانی تێکڕای گەلەکەمانا هاتووە ، نەبۆتە هوی جولاندنی ئافرەت بەو جۆرەی کەپێویستە .

● تا ئیستەش ، زوربەی زۆری ئافرەتان ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر بایەخی پێ ئەدەن ، دیمەنی خۆیان و پێویستیەکانی رازاندنەوەی ئەو دیمەنەیە ئەوەی کە لە هەموو شتێ زیاتر بایەخی پێ ئەدەن زوو دەست خستنی نوێ ترین مۆدێلی خۆرازاندنەوەیانە ، ئەم بایەخدانە ماوەیەکی فراوانی وەختی ئافرەتی پڕ کردۆتەوە کە وای کردوە ئاوڕدانەوەی لە زۆرشتی تری گرنگ کەم بۆتەوە . وە ئەوەی جێگای داخە ، ئەم خووە لەناو ئافرەتە خوێنەوارەکانا زۆرتر باوە .

● **خوشکی بەرێز :** سەربەستی ئافرەت و هەوڵدان بۆ سەلماندنی بوونی خۆی وەکو نیوەی دووەمی کۆمەڵ تەنیا لە بەرزکردنەوەی دەنگی سکالا بەرامبەر بەدەسەڵاتی پیاو لەم کۆمەڵەدا نایەتەدی ، بەڵکو ئەبێ ئێمەش خۆمان ئەرکی خۆمان جێ بەجێ بکەین بوونی خۆمان بسەلمێنین بەرای ئێمە هەڵسورانی ئافرەت لەکوڕی روشنبیری و ویژەو هونەردا ، وە هەوڵدان بۆ فراوان کردنی ماوە لەبەردەمیا لەم رووانەوە ، باشترین رێگایە کە ئەتوانێ باشترین خزمەتێ مەسەلەی سەربەستی ئافرەت بکات .

● پێویستە ئافرەتە خوێنەوارەکان سوود لەم رۆژگارەی ئیستە وەربگرن کە کۆمەڵەکەمان تیایا بەرەو گۆرانێکی فراوان ئەچێت ،ماوە

بروانە ل ٧